# مێژووی کۆیە و ناودارانی لە تەفسیری مەلای گەورەدا

زانا طیفورعبدالصمد[1] جواد فەقێ عەلی[2]

[1] بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی یاسا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

کۆیە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان کە سەدەها ساڵە ژیان تێیدا بەردەوام بووە، مەلای گەورە لە نێو بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا (تەفسیری مەلای گەورە) زۆر لە ڕووداوو سەرگوزەشتەکانی کۆیەی باس کردووە، کە دەکرێت وەك سەرچاوەیەك بۆ ئەم مێژووە، بنوارینە ئەم تەفسیرە، چونکە ئەم تەفسیرە بەرهەمێکی دانسقەی بیری مرۆڤێکی بیرمەندی کوردە، پاشان هەوڵێکە بۆ هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ئەم شارە، هەروەها لە نێو تەفسیرەکەدا جگە لە مێژوو بەسەرهاتی شار، باسی هەندێك کەسایەتی ناوداری ئەم شارەی کردووە، وەك (حاجی بەکرئاغای حەویزی و حەمە ئاغای گەورە... هتد ) و چەند کەسایەتیەکی دی، کە ڕۆڵیان هەبووە لە مێژووی ئەم شارەدا.

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناوونیشانی "مێژووی کۆیە و ناودارانی لە تەفسیری مەلای گەورەدا" گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لەمێژووی نوێی شاری کۆیە، چونکە لەم توێژینەوە هەندێك لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەم شارە هەڵدەدەینەوە و هەوڵ دەدەین تێڕوانینێکی زانستیانە بۆ ڕووداوەکان بکەین، پشتمان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوو بەستووە، کە خۆی لە شیکردنەوەو هەڵێنجانی ڕاستییەکان دەبینێتەوە، لە ڕێگای تێڕامان و وردبوونەوە لە تەفسیرەکەی مەلای گەورە و هەندێك لە سەرچاوە مێژووییەکان

**کلیلە وشە:** کۆیە، تەفسیری مەلای گەورە ، ناودارا، مێژو، کەسایەتی

## Abstract

(Koya and its scholars in the interpretation of Mullah Al-Kabir).
The two researchers dealt with the historical events which were mentioned in the interpretation of Sheikh Mullah Muhammad Jalizada, known as Mulla Al-Kabir. The two researchers mentioned the events and their analysis. They demonstrated what needs to be analyzed and commented on. In addition, they collected the scholars who were mentioned in the interpretation of Malay Gaura who was born and lived in Koya, and had a prominent role in its history. They concluded that the interpretation collected the historical events and literary texts together, as well as it mentioned how the scholars had played a great role in the history of this city.

**Keywords:** Koya, Malay Gaura, Scholars, History, Literary Texts

## 1. پێشەکی

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا © ٢٠١٩
١-٣ نیسانی ٢٠١٩

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen249

## تەوەری یەكەم: ڕووداو پەرەسەندنە سیاسیەكانی شاری كۆیە لە تەفسیری مەلای گەورە[1]:

لەم تەوەرەدا لە چەند باسێكدا ڕووداوە سیاسی و مێژوویەكانی شاری كۆیە لە سەدەی نۆزدەو بیستەهەمدا دەخەینەڕوو كە مەلای گەورە ئاماژەی پێ كردوون، لەو سۆنگەشەوە جەنابی مەلای گەورە لەسەر ڕووداوە سیاسیەكان قسەی تایبەتی خۆی هەبووە.

### 1.1 بەشداری خەڵكی شاری كۆیە لە شەڕی دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسدا:

لە ساڵی (١٨٧٧-١٧٨٨) جەنگی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتی ڕووسیا[2] دەستیپێكرد، كە بە جەنگی( قارس و بایەزید) ناسراوە، بارودۆخی جەنگەكە وای لە دەوڵەتی عوسمانی كرد، كە داوای هاوكاری و یارمەتی لە خەڵكی عیراق بە گشتی وكوردستان بە تایبەتی بكات، لە ساڵی ١٨٤٣وە شاری كۆیە لە ڕووی كارگێڕیەوە كەوتبووە ژێر فەرمانڕەوای دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆیە خەڵكی شاری كۆیە بە دوای بانگەوازەكەی عوسمانیەكان چوون و یارمەتی و هاوكاریان گەیاندە دەوڵەتی عوسمانی لە باكوری كوردستان، بۆئەم مەبەستە ژمارەیەكی زۆری خەڵكی كۆیە بەشداری ئەم شەڕەیان كرد، هەندێك لەو كەسایەتیانە (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی[3] و شێخ عەبدولكریم) بوو، حاجی مەلا عەبدوڵا بووە بە فەرماندەو بەرپرسی جەنگاوەرە كۆییەكان (مەلای گەورە:٢٠٠٩، ٩٨/١٠)، بۆ ئەم مەبەستە حاجی مەلا عەبدوڵا دەڵێت":

**ئەنگوستی قەدەر لە لەوحی نووسی**

**تاریخی غەزا غەزایی ڕووسی**

لە ڕاستیدا شارەكانی تری كوردستانیش بەشداری ئەم شەرەیان كرد، لە هەولێر محەمەد ئاغای گەردی، لە موسڵ شێخ محەمەد شێخ تاهیر بامەڕنی، لە كەركوك شێخ محەمەد شێخ عارف، لە سولێمانی شێخ سەعیدی حەفید، لە هەماوەندان شێخ فەتاح بەگ، لە خەلەكان و چناران شێخ محەمەد، هەركەسە و بە تاقم و چەك و پێداویستی خۆی بەرەو باكوری كوردستان بەرێ كەوتن. دوای ئەوەی هەموو كەسایەتیەكانی كوردستان دەگەنە شوێنی شەڕەكەو چاویان بە یەكتر دەكەوێت، پاشان شێخ عوبێدوڵڵای نەهری وەك سەرۆكی خۆیان هەڵدەبژێرن، هەروەها هەریەكەیان كەسێكی وەك ئاڵا هەڵگریان لەگەڵ خۆیان بردبوو، دیارە پێشبڕكێیان كردووە لەسەر زوو گەیشتن بە دامێنی چیایێك لە چیاكان، بۆ ئەم مەبەستە ئاڵا هەڵگرەكەی كۆیە ناوی (فەتاحە خێلی قەساب) بوو، توانی لە پێش ئەوانی تر بگات بە دامێنی چیایەكەو لەوێدا ئاڵاكە هەڵبكات، حاجی مەلا عەبدوڵا توانی بەڵگە نامەیەك بنووسێت ناوی هەموو ئەو كەسانە تۆمار بكات كە لەو شەرەدا بەشداریان كردووە(مەعروف،٢٠١٣: ١٥-١٨؛ خۆشناو،٢٠١٧: ٥١).

پاش چەند ڕۆژێك شێخ عوبێدوڵڵا هەموو ئەو سەركردانە كۆ دەكاتەوە كە بەشداریان لەو شەڕە كردووەو نامەیەك لە گیرفانی دەردەهێنێت و دەیەوێت بینرێت بۆ دەوڵەتی عوسمانی و پێیان دەڵێت:" ئەم نامەیە مۆربكەن، حاجی مەلا عەبدوڵڵاش دەڵێت نابێ بزانین ئەو نامەیە چی لێ نوسراوە، شێخ عوبێدوڵڵای نەهریش دەست دەكات بە خوێندنەوەی نامەكەو دەڵێت حەفتا هەزار كەس لەسەر داوای من لە عێراقەوە هاتوون بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتی عوسمانی شەڕیان لەگەڵ ڕووس كردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی تورەبوونی حاجی مەلا عەبدوڵڵا، دواتر حاجی عەبدوڵڵا ڕوو دەكاتە سەركردەكان و پێیان دەڵێت ئێوە بە فەرمانی كێ بۆ شەڕ هاتوون، ئەوانیش دەڵێن ئێمە بەفەرمانی دەوڵەت هاتووین، فەرمانمان لەكەس وەرنەگرتووە كەسیش بانگی نەكردوین، بۆیە هیچ كەسێك نامەكە مۆر ناكات، پاشان حاجی مەلا عەبدوڵڵا ڕوو دەكاتە شێخ عوبێدوڵڵاو پێی دەڵێت تۆ ناوی كەست تۆمار نەكردووە جگە لە ناوی خۆت و كورەكەت نەبێت، بۆیە من نامەیەكی تر دەنوسمەوە ناوی هەموو سەركردەكانی تێدا دەنووسمەوە، لە وەڵامدا شێخ هەستایە سەر پێو وتی كەس بۆی نیە ناوی لە پاڵ ناوی من بنووسێت، حاجی مەلاعەبدوڵاش وتی ئێمە هەموومان مافی ئەوەمان هەیە لە پاڵ ناوی تۆ ناوی خۆمان بنووسین و خۆمان بە نۆی وەك تۆ نادەین، ئێمە وەك ڕیزێك تۆمان بەگەورەی خۆمان هەڵبژارد، دەنا من لەتۆ گەورە ترم و عەبدی تۆش نیم، ئەمەش بووە هۆی تورەبوون و تێكچوونی پەیوەندی نێوانیان، پاشان حاجی عەبدوڵا فەرمووی با بڕۆین ئێمە كەسمان عەبدی شێخ نین هەریەكە دەگەڕێتەوە شاری خۆی مەیدانی جەنگ چۆڵ دەكەن. (باقی،٢٠٠: ٥٨-٦٤؛ مەعروف،٢٠١٣: ١٥-١٨).

كاتێك جەنگی نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی بەرپابوو لە ساڵی ١٨٧٥، حاجی مەلا عەبدوڵا بە خۆی و هێزێكی جەنگاوەری ئازای هۆزەكانی ناوچەی كۆیە، دەچێتە پشتیوانی لەشكری تورك تا دژ بە سوپای ڕوسیا بجەنگێ، دوای كۆتایی شەڕەكە دەگەڕێتەوە شاری كۆیە، بەهۆی ئەو بەشداری و یارمەتیدانەی حاجی مەلا عەبدوڵا بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەیبوو، دواتر (ئیسماعیل پاشا)ی فەرماندەی سوپای عوسمانی كە دەگەڕێتەوە بەغدا سوپاسگوزاری خۆی بۆحاجە مەلا دەردەبڕێ، پاشان دۆستایەتی و ئاشنایەتی لە نێوان حاجی مەلا عەبدوڵڵاو ئیسماعیل پاشا بەردەوام دەبێ و گوندە زەوت كراوەكانی بنەماڵەكەیان بۆ مەلا عەبدوڵا دەگەڕێنێتەوە، پاشان مانگانە بڕی هەزار قرۆشی بۆ دەبڕێتەوە" (عەلائەدین،٢٠١٤: ١٣).

### 1.2 كۆیە لە جەنگی یەكەمی جیهاندا ١٩١٤-١٩١٨:

شاری كۆیە لە سایەی حوكمی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانی كە لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەمەوە(١٨٠٨-١٨٣٩) بڕیاری گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی دا بۆ سەرجەم هەرێمەكانی عوسمانی، لە ماوەی جەنگی یەكەمی جیهاندا شاری كۆیە لە ڕووی ئابووری و سیاسی وكۆمەڵایەتیەوە لەوپەڕی خراپی دابوو، حكومەت تەنیا بایەخی بە سەرانە و باج كۆكردنەوە دەداو لە ڕووی خوێندەواریەوە لەوپەڕی دواكەوتووی دابوو، پاشان لە ڕووی سەربازیەوە كردبوویانە مەڵبەندی سەربازی بە درێژایی جەنگەكە ڕەشبگیری بەردەوام بوو (شارەزا ،٢٠٠٩: ١١٣-١١٤)، بۆ ئەم مەبەستەش مەلای گەورە لە زۆر جێگای تەفسیرەكەیدا ئاماژەی بۆجەنگی یەكەمی جیهان كردووەو دەڵێت": لەوكاتەدا كەسێك بەناوی (بێنباش تابور-نەجاشی ئەحمەد نەزمی) وەك نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە بۆ كۆیە، لەوكاتەدا ئەم نوێنەرەی عوسمانی زۆر باوەری بەوڵاتانی زلهێز نەبوو، هەروەك لە وتەیەكی دەڵێت": نە ئەڵمانیای دۆستمان و نە ئینگلیزی دوژمنمان، هیچیان جێگای متانە نین، بەڵام شەڕەكە هەر لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی تەواو دەبێت:(مەلای گەورە،٢٠٠٩: ٣٢٣/٢ ؛ ٢١٩/٩)، لە ڕاستیدا خەڵكەكە زۆر بروایان بە شەڕەكە نەبوو، دەیانزانی دەوڵەتی عوسمانی لەوپەڕی لاوازی دایە، پەنا بۆ سەربازگرتنی بە زۆرملێ دەبات و خەڵكی بە زۆر دەنێرێتە بەرەكانی جەنگ، پاش ئەوەی شەڕەكە گەرم بوو زۆربەی سەربازەكانی لە برسان هەڵدەهاتن و خۆیان حەشار دەدا (الچوم حیدري،٢٠٠٦: ١٩-٢٠).

لەو ماوەیەدا گوشـــاری دەوڵەتی عوســـمانی بۆ گرتنی خەڵك و ناردنیان بۆ بەرەكانی جەنــگ وای لە خەڵكەكە كردبوو كە بیر لە ڕاكردن بكەنەوەو هەڵبێن، دواتر بارودۆخی شاری كۆیە لەكاتی جەنگ زۆر خراپتر بوو، برسیەتی و گرانی قات و قڕی رووی تێكردبوو، لەبەردەمی مزگەوتی گەورەو نزیك سەرا دوو جێگایان بۆ سێدارەدان دانابوو، ڕۆژانە چەند كەسێك بەفەرمانی سوڵتان بەناوی ڕاكردن لە خزمەتی سەربازی لە سێدارە دەدران، پاشان شەوو ڕۆژێك بە پەتەوە دەمانەوە، ئەمەش بە مەبەستی ترســـاندن و تۆقاندنی خەڵكی كۆیە بوو، هەروەها هەندێك جاریش لە ڕێگەی پێدانی بەرتیـل خەڵكانێكی هەژارو بێكەس دەبوونە قوربانی و لە جیـاتی خەڵكی دەوڵەمەنـدو دەست ڕۆیشتوو لە سێدارە دەدران، هەروەك ئەوەی ڕوویدا هاوڵاتی (عارف حەمە عەجەم) كە مرۆڤێكی هەژارو بێكەس بوو، بێ ئەوەی تاوانی هەبێت لە ماڵەكەی خۆیدا دەستگیر دەكرێت و لە سەرا لە سێدارە دەدرێ، لە جیاتی (عارفی كاكەمین غەفوری) كە بنەماڵەیەكی دەست ڕۆیشتوو بوون، پێشتر فەرمانی لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو بوو، بەڵام ئازاد كرا (حوێزی، ٢٠٠٧: ١٢٩/١ ؛ تەیب،٢٠٠٨: ٤٨).

### 1.3 شاری كۆیەو هاتنی دەسەڵاتی ئینگلیز:

شـاری كۆیە بەر لەهاتنی ئینگلیزەكان لە سـاڵەكانی (١٩١٦و ١٩١٧) لە بارودۆخێكی زۆر خراپ بوو، گرانی باڵی بەسـەر كۆیەو دەوروبەریدا كێشـابوو، سـوپای عوسـمانی ورەی ڕووخابوو لە هەموو لایەكەوە دەكشـــایەوە، ســـوپای ئینگلیزیش جێگەی دەگرتەوە، شـارەكە بەتەواوی شـڵەژابوو، خەڵك هەســتی بە ئاســوودەیی نەدەكرد، چونكە ئاسایش بەرقەرار نەبوو، عەشیرەتی و بڵباس بەسەر شاریان دادەدا و لەگەڵ بنەماڵەی عەبدوڵا ئاغای حەویزی شـــەرو پێكدادانیان دەكرد (حوێزی، ١٩٨٤: ١٣٧/١ ؛ تەیب،٢٠٠٨: ٧٩)، بۆ ئەم مەبەســـتە مەلای گەورە لە زۆر جێگای تەفسیرەكەیدا ئاماژە بە هاتنی ئینگلیزەكان بۆ شارەكە دەكات و دەڵێت": دانیشـتوانی شاری كۆیە بە هاتنی ئینگلیزەكان زۆر خۆشحاڵ بوون، چونكە لە گشت ڕوویەكەوە لە عوسمانیەكان باشـتر بوون، لەگەڵ خەڵكی شـارەكەدا، لەوكاتەی حوكمرانی ئینگلیز هاتە كۆیە، كوشـتن و برین و تاڵان كردنی ماڵ و سـامانی خەڵكی نەماو شـار خاوێن بۆوە لە پیسی- و جەردەیی و ڕاوەڕوونی فەرمانبەرە عوسمانیەكان، كاتێك كە ئینگلیزەكان هاتن یاسـایان بە شـێوەیەكی یەكسـان جێ بەجێ دەكردو خەڵكی لە ئاسـایش و ئارامیەكی بێ وێنەدا دەژیان، كەس نەیدەتوانی ســـەرپێچی بكات، جگە لەوەی خەڵكی كۆیە زۆر ئارەزووی هاتنی ئینگلیزیان دەكرد، لە پێشـــوو تر كاتێك كە دەنگی تۆپەكانی ئینگلیزیان لە خوارووی كەركووك دەبیســـت، خەڵكی دەیانگوت: وەی گیان بۆ نایەیی بۆ كۆیە" (٢٠٠٩ :٢/١٦٠ ؛ ٦٢/١٠، ٩٣؛ خۆشـــناو،٢٠١٧: ١٤١). وادیارە خەڵكی شـاری كۆیە زۆر بێزا بوون لە لە كاربەدەسـتانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە پێشـوازیان لە هەر هێزێك دەكرد كە ڕزگاریان بكات لەو برســـیەتی و نەهامەتی، بۆیە لەوكاتەدا دەسەڵاتی ئینگلیزیان زۆر پێ پاشتربووە لە عوسمانیەكاندا.

پاش ئەوەی ئینگلیز لە ڕۆژی ١٥ی كانوونی یەكەمی ســـاڵی ١٩١٨هات[4] بەرەو شـاری كۆیە، هەسـتان بە ڕێكخسـتنەوەی پێكهاتەی كارگێری كۆیە، هەروەك (كاپتن های) خۆی دەڵێت": لە ڕێگا بووین نامەیەكم لە حەمائاغای غەفوریەوە پێگەیشـــت، كە سەردانی ماڵی ئەو بكەم، منیش لە وەڵامدا نامەیەكم بۆ نوسیەوەو وەك حاكمی شار قســـەم لەگەڵ كرد، پێم وت بەیانی دەگەمە جێ، دوای گەیشـــتنم بۆ كۆیە ســـەرەتا بردمیانە ژورێك كە بۆ پێشـــوازی كردنی من ئامادە كرابوو، هەموو پیاوماقوڵانی شـــار لەوێ ئامادەبوون، دواتر موفتی شار (موحەمەد مەلا ئەفەندی- مەلای گەورە) هەستا بە خوێندنەوەی وتارێك بە زمانی فارسی بە خێرهاتنی كردم، منیش بە جوانی جوابم دایەوە: ( ئار هەی،٢٠١٠: ١٢٥-١٣٠).هەركە ڕێورەسمەكە تەواو بوو، كۆمەڵێك كێشـــەی زۆر لەبەردەم ئینگلیزەكان هەبوو یەك لەوانە، ململانێیەكی بەهێز لە نێوان بنەماڵەی غەفووری و بنەماڵەی حەویزی لە شـــارەكەدا هەبوو، هەروەها زۆربەی گوندەكانی كۆیە موڵكی ئەو دوو بنەماڵەیە بوون، كاری پێشـــینەی ئینگلیزەكان بریتیبوو لە ئاشتەوایی نێوان ئەم دووبنەماڵەیە، جگە لە ڕێكخستنی دەسەڵاتی شار، پاشان بۆ ئینگلیزەكان دەركەوت بارودۆخی شـارەكە لەڕووی سـیاسی و ئابوری كۆمەڵایەتیەوە لە ئاسـتێكی خراپ دایە، كە لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانەوە ژمارەی دانیشـتوانی كۆیە لە (١٠٠٠٠) دە هەزار كەســـەوە بووە ٤٠٠٠ هەزار كەس، نیوەی ماڵەكانی شـــار چۆڵبووەو خانووەكان ڕووخاوون و خەڵكەكە لە هەژاریەكی بێ وێنەدا دەژیان، نرخی كەلوپەل و كاڵاكان بەشـــێوەك بەرز ببوەوە كە خەڵكی توانای كڕینیان نەبوو (ئەمین كۆیی، ٢٠١٣: ٩٤؛ تەیب،٢٠٠٨: ٨٠-٨١ ).

شـــایەنی باســـە كاتێك ئینگلیزەكان هاتن بۆ كۆیە نرخی كاڵاو كەلوپەل ســـەدا پەنجا دابەزی، هەروەها كاپتن های توانی خانەیەكی هەژاران بكاتەوە كە ٣٠٠٠ هەزار كەس لە خەڵكی كۆیەو دەوروبەری لە خۆ دەگرت، زۆربەیان هەتیوو بوون، لەوێ نان دەدران، بەم جۆرە ئینگلیز كەوتە باش كردنی بارودۆخی شـــاری كۆیە، خەڵكەكەش وەك باسـكرا زۆرتامەزرۆی هاتنی ئینگلیز بوون، هەروەك كاپتن های خۆی ئاماژەی بۆ كردووە دەڵێت": ئەگەر حكومەتی بەریتانیا یەك مانگی تر دوا بكەوتایە لە هاتنی بۆ كۆیە، ئەوا خەڵكەكە شـــارەكەیان چۆڵ دەكرد، چونكە لەو ســـاڵەدا گرانیەكی قورس رووی لەشارەكە كردبوو، باران نەباریبوو وشكە ساڵی باڵی بەسەر زەوی جوتیارەكان كێشابوو، دوای گەیشتنی ئینگلیزەكان ئەو ساڵە بارانێكی چاك باری خەڵكی بەرهەمێكی باشیان دەست كەوت"( ئەمین كۆیی، ٢٠١٣: ٩٣-٩٤).

پاش گەیشـــتنی بەریتانیەكان بۆ كۆیە كاپتن هـای بەم شـــێوەیەی خوارەوە یەكە ئیداریەكانی كۆیەیی دابەش كرد:-

1) حەما ئاغای غەفوری: حاكمی كۆیە.
2) جەمیل ئاغای حەویزی: جێگری حاكمی ئیداری.
3) مەلا موحەمەد جەلیزادە: قازی شەرع.
4) حاجی مەلا ئەحمەد ئاغای سمایل ئاغای غەفوری: حاكمی سوڵح.
5) عەبدولفتاح ئاغای حەویزی: سەرۆك شارەوانی.
6) حاجی عەبدوڵا بەگ(بنەماڵەی قوچ پاشا): بەڕێوەبەری ئەوقاف.
7) مەلا سدیقی نازەنینی: بەڕێوەبەری تاپۆ
8) مەلا حەویز ئاغا غەفوری: بەڕێوەبەری پۆلیسی پیادە.
9) حاجی جەلیل ئاغای حەویزی: بەڕێوەبەری پۆلیسی سوارە.

(حەویزی،٢٠٠٧: ١٤٠؛ شارەزا، ٢٠١٣: ١٤). ئەوەی جێگای سەرەنجە لەم دابەشكردنەدا بەریتانییەكان تەنها ڕەچاوی پێكهاتەی عەشیرەتگەری و بنەماڵەییان كردووە لە دابەش كردنی یەكەی ئیداریەكانی شاری كۆیەدا.

### 1.4 بۆردومان كردنی شاری كۆیە لەلایەن سوپای بەریتانیاوە١٩٢٢:

لە ســـاڵی ١٩٢٢ ئینگلیزەكان بە فڕۆكە بەیاننامەیان بەســـەر شـــاری كۆیە فڕێدایە خوارێ، داوایان كرد تا ٣ ڕۆژ توركەكان لە كۆیە دەر بكەن، لەوكاتەدا هێزێكی عوســـمانی بەســـەركردایەتی (ئۆزدەمێر) كە لە ناوچەی ڕەواندز جێگر ببوو، توانیبوی پشـــتیوانی ژمارەیەك هۆزی ناوچەكە بە دەســـت بهێنێت(حیلمی،٢٠٠٣: ١٠٣-١٠٤)، دواتر هێزەكانی ئۆزدەمیر و ژمـارەیەك هۆزی ناوچەكە یەكیـان گرت بۆ دەركردنی هێزەكانی ئینگلیز لەناوچەكەدا، بەم شـــێوەیە هیزەكانی ئینگلیز لە شـــارەكانی

(پشدەرو ڕانیەو کۆیە) دەرکران و سوپای تورك گەڕانەوە ئەم شارانە، جگە لەوەی هەندێ لە شارەکانی کوردستان بەتەواوی هێشتا دەسەلاتی ئینگلیزی تێدا جێگر نەبوو بوو(هاوار، ١٩٩١: ٢٠٩-٢٠١٠)، لەم ڕووەوە شاری کۆیەش وەك شارەکانی تری کوردستان هەندێ لە کەساتیەکانی وەك (مەلا حەوێز ئاغای غەفوری و کەریم ئاغای حەوێزی و عەبدوڵا ئاغا) هێشتا هەست وسۆزیان بەلای دەوڵەتی عوسمانی هەر مابوو، بۆیە پشتگریان کردن و جارێکی تر سوپای عوسمانی گەڕایەوە کۆیە، لە ئەنجامدا (ڕەمزی بەگ) بە قائیمئقام و (ناجی) بە لێپرسراوی بنکەی پۆلیس و (عەبدوڵا ئاغای)بە بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق دانران، ئەم بارودۆخە ئینگلیزەکانی نیگەران کردو بۆیە ویستیان سەزای خەڵکی شارەکە بدەن، بەڵام خەڵکی کۆیە گوێیان بەو بەیاننامەیە نەدا دوای کۆتایي هاتنی مۆڵەتی دەستنیشانکراو سوپای ئینگلیز لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢، فرۆکەی ناردە سەر شاری کۆیەو بۆردومانی شارەکەی دەستپێکرد، ڕۆژانە (١٥٠) بۆمبی فڕێ دەدایە خوارێ و بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ کۆیەیان بۆردومان کرد (تەیب،٢٠٠٨: ٨٤-٨٥ ؛ بۆسکێنی،٢٠١٥: ٣٧/ ٢٢-٢٣)، مەلای گەورەش لە زۆر جێگای تەفسیرەکەیدا ئاماژەی بەو بۆردومانە کردووەو دەڵێت": هەندێك لە خەڵکی شاری کۆیە بە سیاسەتی ئینگلیز ناڕازی بوون و کەوتنە دژایەتی کردن و یارمەتی دانی عوسمانیەکان و هاوکاریان کردن لە هاتنەوەیان بۆ شاری کۆیە، پاشان لە کاتی بۆردومانەکەدا فرۆکەکان بۆمبیان بە شێوەی باران بارین بەسەر شارەکەدا فڕێ دەدایە خوارێ، بۆیە ترس و دڵە ڕاوکێیەکی زۆریان خستۆتە ناو دڵ و دەرونی خەڵکی شارەکەوە، خەڵکەکەش ناچار پەنایان بردۆتە ناو کونە تەیارەو شوێنە قایمەکان بۆ پاراستی گیانی خۆیان لەوێدا خۆیان حەشار دەدا: (٢٠٠٩ :٢٨،٣٨/٢ ؛ ٢٠٠٩، ٢١٣/٨) .

نەجیبەخانی کچی مەلای گەورە ئەوەی پشت ڕاست کردۆتەوە و دەڵێت":جەنابی مەلای گەورە لەگەڵ گەورەکانی کۆیە کۆبۆوە داوای لێکردن کە تورکەکان لەشاری کۆیە دەربکەن، چەندی جەنابی مەلا زۆری لێکردن و پێی ووتن: سی چل کەسی گەڕی لە برسان مردوو هیچیان پێ ناکرێت، بەڵام خەڵکی کۆیە گوێیان پێ نەداو کات بەسەرچوو، دواتر ئینگلیزەکان کۆیەیان بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ بۆردومان کرد، جەنابی مەلاش بەناچاری خۆی و ماڵ و منداڵی بە دڵشکاوی ڕۆیشتن بۆ گوندی پێبازۆك [(5)]" (جەلی زادە،٢٠١١: ١٢٢) لەلایەکی ترەوە تاهیری حوێزی دەڵێت: ئینگلیزەکان دەستیان لە کەس نەدەپاراست، تەنانەت مزگەوتی گەورەش ڕزگاری نەبوو لەو بۆردومانە بۆمبێکی بەرکەوت و فەقێیەکی کوشت و یەکی تریشی_ بریندار کرد، ناچار خەڵکەکەش پەنایان بۆ گوندەکانی دەورو پشتی کۆیە برد، خەڵکەکە بەڕۆژ خۆیان دەشاردەوەو بەشەو بۆ نان خواردن دەهاتنە دەرێ، پاشان تورکەکان دەچونە گەڕەکی هەواوان کە ماڵی (جەمیل ئاغا) [(6)]ی لێبوو تەقەیان لە فرۆکەکان دەکرد و دەیان گووت: ئینگلیز ماڵی ئەوان بۆردومان ناکات، لە هەمانکاتدا خەڵکێکی زۆری شار لە ماڵی جەمیل ئاغا خۆیان شاردبۆوە، کە سەریان دەردەهێنا جەمیل ئاغا پێی دەوتن: خۆتان بە دیار مەخەن، ئەوە کافرە و جێگای بڕوا پێ کردن نیە، دواتر تورکەکان بە جەمیل ئاغایان گووت تا تۆ لە کۆیە بمێنی، ئینگلیزەکان واز لە بوردومانی کۆیە ناهێن، بۆیە بڕیاریاندا جەمیل ئاغا بە زۆر بنێرنە ڕەواندز، بەڵام خەڵکی کۆیە نارەزاییان دەربڕی نەیانهێشت بڕوات ناچار تورکەکان خۆیان کۆیەیان بەجێهێشت (١٩٨٤: ١٥٠/٢-١٥١).

## 2. تەوەری دووەم: بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەشاری کۆیە:

لەچەند باسێکدا بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی شاری کۆیە دەخەینەڕوو، لەوکاتەدا شاری کۆیە مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگ بووە لە نێوان شارەکانی تری کوردستان، هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە لە بوارە جیاجیاکانی ژیان، دواتر مەلای گەورەش لە تەفسیرەکەیدا هەمووی خستۆتە ڕوو.

### 2.1 یەکەم: بارودۆخی ئابوری:

#### 1. جوڵەی بازرگانی لە نێوان شاری کۆیەو بەغدا لەسەردەمی عوسمانیەکاندا:

کۆیە لە سەردەمی عوسمانیەکان ناوچەیەکی گرنگی بازرگانی و سەربازی بوو، بوونی قەیسەری و بازارو خان و فەرمانگە ڕێژی و کاولەخانی و باڵەخانەی گەورەی لە گەچ دروست کراو ژمارەیەك لە مزگەوت و کڵێسا بۆ خوێندن و خواپەرستی گەواهی ئەم ڕاستیانەن، هەرچەندە کۆیە قەزایەك بوو لە پێکهاتەی کارگێری سەردەمی عوسمانیەکان، بەڵام ڕۆڵی پارێزگایەکی ئێستای دەبینی، ڕۆژانە زیاتر لە "٢٠٠" باری وڵاغ بۆ کۆیە دەهات، هەرچی بەرهەمی توتنی ڕانیەو خۆشناوەتی و ڕەواندزو پشدەر هەبوو دەهاتنە کۆیە، بازرگانەکانی ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بەغداو موسڵ و حەلەبدا دەکرد (حوێزی،٢٠٠٧: ١/ ١٣١-١٣٢ ؛فتح الله، ٢٠١٤: ٣٥/٣١). هەروەها مەلای گەورە لە تەفسیرەکەیدا ئاماژە بەو بازرگانیە دەکات کە لەنێوان کۆیە و شارەکانی تردا هەبووە دەڵێت": شاری کۆیە لە سەدەی نۆزەدەو بیستەهەمدا جوڵەیەکی بازرگانی بەهێزی لەگەڵ شاری بەغدا هەبووە، بۆیە زۆربەی کات بازرگانەکانی کۆیە لە شاری بەغدا کاڵایان بە شێوەی کۆ کڕیوە و دواتر هێناویانە لە کۆیە بەشێوەی تاك فرۆشتویانە (٢٠٠٩: ٤٢/٨، ٣٠٩). جگە لەوەی گەڕیدەی بەریتانی "کلۆدیوس جەیمس ریچ" ئاماژە بە بازرگانی نێوان شاری کۆیەو بەغدا دەکات و دەڵێت": پردی ئاڵتون کۆپری ناوچەیەکی بازرگانی گرنگ بوو بۆ قەزای کۆیە، لەوکاتەدا زۆربەی بەربوومی شاری کۆیە لەوێوە بە کەڵەك بردراوەتە شاری بەغدا" ( ریچ، ٢٠١٣: ٣١٥).

ئەو کەل و پەل و شتومەکانەی کە لە کۆیەوە ڕەوانەی شارەکانی تر دەکران، بریتی بوون لە"توتن، مازی،کەتیرە،پێستە ،ڕیخۆڵە، خوری، موو، پەنیر،باوی،گوێز،مێوژ، هەنگوین،سماق،پەلکە هەنار، گەنم،جۆ،برنج،نیسك، نۆك،لۆکە،کاوڕ، گا،دار، ئەسپیندار، بەرهەمی دەستکردیش وەك،جل و بەرگ،دارتاشی، ئاسنگەری،پێڵاو، خەنجەر،ڕایەخ، ئەم کەل و پەلانە بەشی زۆری بەکاروانی وڵاغ ڕەوانەی"تەق تەق" دەکران لەوێشەوە بەبەلەم ڕەوانەی پردێ"ئاڵتون کۆپری"دەکرا، دواتر ڕەوانەی بەغدا دەکران، هەروەها ڕێگەیەکی تریش هەبوو کە کاروانچیەکان دەچوونە هەولێرو موسڵ و حەلەب، پاشان لە جیاتی ئەمانە شتومەکی وەك" شەدە، خام،قوماش،شەکرو شتی تر" لە ئێران و بەغدا و موسڵ بۆ کۆیە دەهێیا هەروەها زۆرجار کاروانی بازرگانی کۆیە لە سابڵاغ و تەورێز دەبینران، جگە لەوەی لەگەڵ شاری کەرکوکیش کۆیە پەیوەندی ئابوری بەهێزی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی ڕێگایەکیش بووە بۆ بەغدا، بەهەمان شێوە لەگەڵ سلێمانی کۆیە لە ڕێگەی دوکان و دوڵی سورداش پەیوەندی بازرگانی هەبوو، جگە لەمانە زۆرجار بازرگانەکانی موسڵ و ناوچەکانی تر هاتوونە کۆیەو تیایدا ماونەتەوە (حوێز،٢٠٠٧: ١٣٢/١-١٣٣؛ تەیب،٢٠٠٨: ٥٣-٥٤).

#### 2. سەردەمی گرانی لە شاری کۆیە:

مەلای گەورە لە زۆر جێگای تەفسیرەکەیدا ئاماژەی بۆ بارودۆخی گرانی شاری کۆیە کردووەو دەڵێت": لە ساڵی (١٣٣٦ك- ١٩١٧ز )گرانیەکی گەورە ڕووی لە شاری کۆیە کرد، خواردن و پێداویستیەکان نەمان، لەو ساڵەدا وشکە ساڵیەکی

سەخت سەریهەڵداو باران نەباری زۆربەی کانی و ڕووبارو سەرچاوەکانی ئاو لە شاری کۆیە ووشك بوون، ئەم وشکە ساڵیەش وایکرد، قالۆچە لەم ساڵەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زۆرببێت و خواردنی مەرومالات لە جیاتی گژوگیا قالۆچە بوو، کاتێك خەڵکەکە ئاژەڵەکانیان دەدۆشی لە جیاتی شیری سپی شیری سوری لێدەهات، خەڵك لە ژیانێکی سەخت و ناهەموار دەژیان، ژنان ڕوویان لەگوندەکانی چنارۆك و میرسەید دەکرد بۆ خواردن پەیدا کردن، گژووگیایان دەهێناو بەبێ خوێ زەردیان دەکردو دەیانخوارد، تەنانەت هەندێك جار ناچاربوون گۆشتی کەرو هێستریش بخۆن، بارودۆخەکە وا سەخت ببوو، گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە مرۆڤ گۆشتی مرۆڤ بخوات" (٢٠٠٩: ٩/ ٩٩،٢٦٩).

لە ڕستیدا لە ساڵی ١٩١٧ هەرچی ڕەگەزی نێرینەی ئیشکەر هەبوو، هەموو ناردرابوونە سەربازی زۆریان لێ کوژراو بریندارببوو، عوسمانیەکان بەناوی یارمەتی سەربازی خواردن و کەلو پەلیان بە زۆر لە خەڵکەکە دەسەند، خەڵکەکەش هاواریان دەکرد بابە ئێمە لە برسان دەمرین، تورکەکانیش دەیان ووت: دەوڵەت سەلامەتبێ ئێوە بابمرن قەیدی ناکا" خەڵکەکەش بە هەر فێڵێك با خوارنەکانیان دەشاردەوە، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت دەگەڕان و شیشەیان بەکاردەهێنا بۆ دۆزینەوەی چاڵی خواردن و دیواریان دەکۆڵی، دواتر زەخیرەی ناو شارەکەیان لەکۆگایان عەنبار دەکرد، پاشان سەربازەکانیش لەگەڵ هەندێك خەڵکی ناو شار بەدزیەوە ڕێککەوتبوون ئارد و گەنم و ڕونیان پێ دەفرۆشتنەوە، نرخی گەنم و جۆ لە پێشتر بە عەلبەی کۆیە بە ٢٤ تا ٤٠ ڕوپیە بوو، لە ساڵی ١٩١٨ گەیشتە ١٢٠٠ بۆ ١٥٠٠ ڕوپیە، ئەو گرانیە وای لە خەڵکەکە کردبوو کە هەندێك خێزان ناچار بوو لە ماڵ و منداڵەکانیان بێزار بن، تەنانەت پیاوێك پێنج کچی هەبوو هەمووی بە نیو کۆتك جۆ دا، زۆر ژن بە چۆرێك ئاوی سەروپێ خۆی لە پیاوێك مارەدەکرد، ڕەگەزی ژن زۆربوو نێرینە کەم بوو، سەرەڕای ئەوە خەڵکێکی زۆری گوندەکان بەبرسیەتی ڕوویان لە شار کردبوو، بەتایبەتی سوێسنیەکان[7] هەموو لە کوچەو کۆڵانەکان کەوتبوون، مەخابن ژنێك کەوتبوو منداڵەکەی مەمکی دەمژی و خۆشی مردبوو، پیاو نەمابوون بیشارنەوە ( حوێزی، ١٩٨٤:٢/ ١٣١-١٣٣).

لە پاش تەواو بوونی گرانیەکەی ساڵی ١٩١٧ پیاوێك پرس بە مەلای گەورە دەکات و دەڵێت": قوربان دەمەوێ ژن بۆ کورەکەم بێنم، بەڵام حەزم لە شایی کردنە، لە وەڵامدا مەلای گەورەش پێی دەڵێت: هێشتا لاشەی براو خزمەکانت لەناو قەبر نەڕزیوون کە لە برسان مردن، ئێستا تۆ دەتەوێت شایی بکەی" بۆیە نەیهێشت شایی بکات:(٢٠٠٩: ٩/٤١٢)، لەلایەکی ترەوە هەندێك لە هۆزەکان و دانیشتوانی شارەکانی ئێران وەك عەشیرەتی شکاك و خەڵکی سابلاخ و دەوروپشتی لە ترسی ڕووسەکان ڕوویان لە شاری کۆیە کردبوو، ئەمە باردۆخەکەی زیاتر قورس کردبوو، پاشان حکومەت لە قشڵەی کۆیە نیشتەجێی کردن و موچەی بۆ بڕینەوە (حوێزی،٢٠٠٧: ١/ ٢٠٧).

کەسایەتی کۆیە (ئازاد مەلا عەلی)[8] ئاماژە بۆ ئەو گرانیە دەکات و دەڵێت": لە باوکم بیستووە ئەو گرانیەی ساڵی ١٩١٧ لە ئەنجامی خراپی دەسەڵاتی تورکەکان بووە لە کۆیە، کە بەردەوام ماڵەکانی کۆیە دەگەڕان و هەر خواردنێك و شتێکیان بینیوە لەگەڵ خۆیان بردووە، پاشان لە خوێندنگای ئولای کۆیە دایان دەنا، دواتر بە پارە بە خەڵکەکەیان دەفرۆشتەوە، ئەوەی پارەشی نەبوایە پێی نەدەکرڕداو دەمرد لە برسان، بەڵام لەوکاتەدا حەما ئاغا هەرچی کۆگای عەمبار کراوی خۆی هەبوو هەمووی بەسەر خەڵکەکەدا دابەشکردووە، شایەنی ئاماژەیە لەوکاتەدا سێ کەسایەتی لە کوردستان لەڕووی سەخاوەتی یارمەتی دەری هەژران ناویان هەبوو، ( حەما ئاغا لە کۆیەو کەریمی عەلەکە لە سولەیمانی و سەید ئەحمەدی خانەقا لەشاری کەرکوك) ئەمانە زۆر یارمەتی هەژارانیان داوە" (مەلا عەلی،٢٠١٩/١/٣

## 2.2 دووەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە شاری کۆیە:

### 1. (چارشێو-کەمبەری)[9] لە کۆیە:

مەلای گەورە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژنانی شاری کۆیە لە دوای شارەکانی تری عێراق وازیان لە چارشێوهێناوە، بۆیە دەڵێت": ژنانی بەغدا وازیان لە چارەشێو هێنابوو، بەڵام لای ژنانی کۆیە هەر مۆدێلی مابوو بە شتێکی جوانی کۆمەڵگەی کۆیە لە قەڵەم دەدرا"( ٢٠٠٩: ٦/ ٢٧١). لەسەدەی نۆزدەو بیستیەم لە کۆیە عادەت وابوو ژنە مەسیحیەکان چارۆگەیان لە مل بێت کاتێك سەردانی بازاڕیان دەکرد، هەروەها ژنە جولەکەکانیش بەلایەك چارۆگەیان بە خۆیان دادەدا، کاتێك لە ڕێگادا ژنە مەسیحی و جولەکەکان ئەگەر تووشی پیاوێکی موسڵمان ببونایە ڕووی خۆیان لە دیوار دەکرد تا پیاوەکە دەڕۆشت، هەروەها ژنە موسڵمانەکان لەکاتی چوونیان بۆ بازاڕ پێچەیان دەگرتەوە( حوێزی،١٩٨٤: ٢/ ١٠٦). گولێزار شەفیق ئاغا[10] کە یەك دانە(چارشێو یاخود کەمبەر)ی دایکی لەلای خۆی هەڵگرتووە و دەڵێت:" چارشێوی کۆییان جیاواز بوو لە چاو چارشێوی شارەکانی تری کوردستان، چونکە ژنانی کۆیە زیاتر ڕەنگەکانی سەوزو سورو ئاسمانیان دەپۆشی، بەڵام خەڵکی هەولێر زیاتر ڕەشیان دەپۆشی، چارشێو زیاتر لە لۆکە دروست دەکرا، لەوکاتەدا ژنان چارشێویان دەدوری، شێوەی چارشێو لە خوارەوە وەکو کراسبوو لە دامێنیەوە تا ناوقەدی دوردرابوو، لەسەر سینگی سنجاقیان لێدەدا، هەندێك کاتیش زێڕو زیویان پێدا شۆڕ دەکردەوە، پشتێنێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، ئەم چارشێوە لەلای گولێزار پارێزراوەو زۆر خۆشەویستە وەك یادگارییەکی بنەماڵەکەی هەڵیگرتووە (شەفیق ئاغا،٢٠١٨/١٢/٢٣:).

### 2. هاتنی جادووگەر یاخود چاوبەست بۆ کۆیە:

مەلای گەورە لە تەفسیرەکەی ئاماژە بەوە دەکات لە سەدەی بیستەم هەندێك جادووگەر هاتنە کۆیە کە کاری چاوبەستیان دەکرد، شتی زۆر سەرسورهێنەریان دەکردو بانگی خەڵکی کۆیەییان دەکردو دەیان ووت" بە قسەی ئێمە هەڵمەخەڵەتێن، هەر لە تەفسیرەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، ئەمانە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، دواتر هەندێك لە خەڵکی کۆیە پێیان سەرسام بوونەو دوایان کەوتوون، لە ئەنجامی ئەو جادوگەریە هەندێك شتیان دەستدەکەوت بۆ خواردن کە وەك سەرقەڵەمانە وابوو (٢٠٠٩: ١/ ١٢٩) . لەکاتێکدا جادوگەری لەلای هەندێك مەلا بە کارێکی نەشیاو لە قەڵەم دەدرا، بەڵام هونەری جادوگەری جیاوازە، بۆیە کاتێك ئەم چاوبەستانە هاتنە کۆیە شتی زۆر سەیرو سەمەرەیان لەبەرچاوی خەڵك دەکرد، هەر بۆخۆشیان بانگی خەڵکی کۆیەییان دەکرد، دەیان وت: پێمان هەڵمەخەڵەتێن ئەم کارانە پروپووچن، هەروەها لەوکاتەدا کەس لە کۆیە شارەزای لە جادوگەری نەبووە (چۆم حەیدەری،٢٠١٤: ١٩/٣٢-٢٠؛ چۆم حەیدەری،٢٠١٥: ٣٥/ ٣٢-٣٣).

### 3. مووم کافوری (جۆرێك لە یاری)[11] هێنراوەتە کۆیە:

مەلای گەوەرە ئاماژە بە جۆرێك یاری دەکات کە لەسەردەمی منالی خۆیدا هاتۆتە کۆیە بەناوی (مووم کافوری) ئەم یاریە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم هێنراوەتە کۆیە، لە شێوەو کارەکەی وەك یاری ئاگرینی ئەمرۆ بووە، کە دڵی منالانی خۆش

دەکرد، هەروەك مەلای گەورە دەڵێت": ئەم جۆرە یاریە وەك ماری بەسەرو کلك بوو، ئاگری دەگرت و دەرۆشت بۆ ئاسمان"( ۲۰۰۹: ۱۲۰/۷).

### 4. پێگەی زانستی زانایانی کۆیە بەرامبەر شارەکانی تری کوردستان:

شاری کۆیە لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەو بیستەهەمدا وەك مەڵبەندێکی رۆشنبیری و زانست وابوو، بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆرمزگەوت لەناوچەکەدا گەلێك مەلاو زانای ناودار لەسەر دەستی ئەوان پێگەیشتوون ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتووە، وادیارە لەوکاتەدا هەندێك لە مەلاکانی کۆیە پێش شارەکانی تری کوردستان زوو وازیان لە وتاری ئامادەکراو بۆ نوێژی هەینی هێناوە، پشتیان بە زانیاری خۆیان بەستاوە، لەبەر ئەوەی بەشێك لە مەلاکانی کۆیە شارەزای تەواویان لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی هەبووە، پاشان شارەزای تەواویان هەبوو لە قورئان و فەرمودەکان، جگە لەوەی خوێندنەوەیان بۆهەندێك کتابی دەرەوە هەبوو پشتیان پێ بەستاون بۆ وتاری هەینی لەوانە مەلای گەورە نمونەی کتێبی ئیبن نەباتەی [12]هێناوە، بەتایبەتی زاناکانی بنەماڵەی جەلیزادە هەر زوو وازیان لە وتاری ئامادەکراو هێناوە (مەلای گەورە،۲۰۰۹: ۲۳۳/۹).

### 5. کۆیە و نازناو:

ناو ناتۆرەی ناشیرین لەلای خەڵکی کۆیە، کە یەکتریان پێ ناوزەند کردووە، تا ئەم رۆژگارەش زۆر لەم ناوو ناتۆرانە لەلای خەڵکەکە وەك کەلتورێك ماوەتەوە (مەلای گەورە،۲۰۰۹: ۱٦۲/۹؛ . هەروەها مامۆستا گولیزار شەفیق ئاماژە بەوە دەکات ودەڵێت": شاری کۆیە هەر لە کۆنەوە ئەم ناو نازناوانەیان هەڵگرتووە، هەر وەك جیرانیکیان هەبوو، سەیارەکی رینۆی کری، دواتر نازناوی سەیارەکەی بەسەر پیاوەکە دابرایەوە، پێیان دەگووت موحەمەد رینۆ، بۆیە زۆربەی کات نازناوەکان دەگەڕانەوە بۆ جۆری پیشەی کەسەکەو یاخود ئەو کارەی مرۆڤەکە ئەنجامی دەدا، دواتر ناوی پیشەکە لە پاڵ ناوی کەسەکەوە دەوتراو پێی دەناسرایەوە،بەو ناوە ناوەزەندیان دەکرد (شەفیق ئاغا،۲۰۱۸/۱۲/۲۳: ۲ی پاش نیوەڕۆ).

## 3. تەوەری سێیەم: بارودۆخی کارگێڕی لە شاری کۆیە:

مەلای گەورە باس لە بارودۆخی کارگێڕی و دام و دەزگاکانی حکومەت لەشاری کۆیە دەکات، کە شاری کۆیە لەڕووی خزمەت گوزاریە لەوپەری خراپی بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم تەرخەمی دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتە، دیارە مەلای گەورەش زۆر ناڕازی بووە لە دەسەڵاتداران لە زۆر جێگای تەفسیرەکەی ئاماژەی پێکردووە.

### 3.1 دامەزراندنی دام و دەزگا کارگێڕییەکان لە شاری کۆیە:

هەندێ لە دانیشتوانی شاری کۆیە لەسەدەی نۆزدەو بیستەهەم لە سوختەخانە(حوجرە)و مزگەوتەکان خوێندنی ئاینیان دەخوێند، دیارە لەوکاتەدا هەندێك لە مەلاو ئاغاکانی کۆیە پێیان خۆش نەبوو قوتابخانەی میری لەشارەکەیان بکرێتەوە، بۆیە زیاتر لە سوختەخانەو مزگەوتەکان خەڵکی دەیانخوێند، پاشان فەرمانگەی گشتی ئەوقاف لەلایەن حاجی عوسمان و حەمەشین قەربی لە سەدەی نۆزدەهەم دامەزرا ( مەلای گەورە، ۲۰۰۹: ۲۷٦/٥؛ وەسانی،۲۰۱۷: ۱٤٦) هەر بۆیەش مێژووی ئەوقاف لە شاری کۆیە لە چاو شارەکانی تر زووتر دامەزراوە، چونکە ئەوقاف سودێکی گەورەی هەبوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری وکۆمەڵایەتی لەشارەکەدا، لە راستیدا شاری کۆیە زووتر دام و دەزگاکانی میری لێ دامەزراوە، بۆ نموونە فەرمانگەی تاپۆ لە ساڵی ۱۸۷٥ دامەزراوە، کە وەقفی مزگەوتەکانیشی_ لەسەر دانرا، لەگەڵ دەستنیشانکردنی سەرپەرشتیار کە ئەرکی کۆکردنەوەی داهاتەکانی لە ئەستۆ بووە، هەروەها لە ساڵی ۱۸۷۷ دادگا دامەزراوە کە قازی موفتی هەبوو، پاشان فەرمانگەی پۆستە لە ساڵی ۱۸۸۰ دامەزراو هێڵی تەلەفۆن ڕاکێشراو دەزگای گومرگ و دارایی دانرا، ئەمانە لەلایەن فەرمانبەرانی حکومەتی عوسمانیەوە بەڕێوە دەبران کە زۆربەیان بەرتیل خۆر بوون، دواتر فەرمانگەی شارەوانی دامەزرا کە خەڵکی دەست ڕۆیشتوو هەڵدەبژێردران بۆ ئەم پۆستە، جگە لەوانە فەرمانگەی ڕێژەی (ئینحسار) دامەزرا، چونکە شاری کۆیە ناوچەیەکی گرنگ و کۆکردنەوەی توتن بوو (حوێزی، ۲۰۰۷: ۱۲۲/۱-۱۲۳ ؛ تەیب،۲۰۰۸: ٤۳).

### 3.2 هاتنی کارەبا بۆ کۆیە:

مەلای گەورە لە تەفسیرەکەی ئاماژە بەوە دەکات تا ساڵی ۱۹۳۳ کارەبا نەهاتۆتە کۆیە، ئەدیسۆن پتر لە پەنجا ساڵ پێش ئەو سەردەمە کارەبای دۆزیوەتەوە، بەڵام تا ئەم کاتە کارەبا لە کۆیە نیە (مەلای گەورە،۲۰۰۹: ٤٦٥/۱۰)، پاشان لە دوای مردنی مەلای گەورە لە ساڵی ۱۹٥۱ کارەبا ڕاکێشراوە بۆ ماڵەکانی شاری کۆیە، هەروەك ئازاد مەلا عەلی دەڵێت": لە باوکمەوە بۆم باس کراوە کەوا لەسەردەمانی پێشووتر ماڵەکان بۆ ڕوناکی چرایان بەکارهێناوە، لە هەندێ شوێنی کۆڵانەکان چرایەکی گەورە هەبوو لەناو قەفەسێك لە شێوەی لۆکس بوو، هەندێك جار کەبای دەهات دەکوژایەوە، بەڵام دواتر لە ساڵی ۱۹٥۱کە کارەبا هاتووە بۆ کۆیە مۆلیدەیەکی گەورە دانراوە، لە دامێنی قشڵەی کۆیە دانراوە، دواتر بە شێوەی دی سی بەسەر ماڵەکان دابەشیان کردووە، خەڵکی تەنها پارەی کرینی گڵۆپی هەبووە، وەك ئێستا ئامێری فینککەرەوە بوونی نەبووە، پاشان ئەو ماڵەی کە زۆر دەوڵەمەند بووایە دەیتوانی پانکەیەك بکرێت و بەکاری بهێنێ (مەلا عەلی،۲۰۱۹/۱/۳).

## 4. تەوەری چوارەم: کەسایەتی و ناودارانی کۆیە لە تەفسیری مەلای گەورەی کۆیە:

مەلای گەورە لە تەفسیرەکەیدا ناوی زۆر لە کەسایەتی و ناودارانی شاری کۆیەیی هێناوە لە چەند باسێکدا ناوی هەندێکیان بە کورتی دەخەینە ڕوو:-

### 4.1 سەردانی خەڵکی کۆیە بۆ هیندستان و سریبا:

مەلای گەورە باسی سەردان و کۆچ کردنی هەندێك لە خەڵکی شاری کۆیە بۆهیندستان و سریبا دەکات، وا دەردەکەوێت هەندێك لەوخەڵکانەی کە کۆچیان کردبوو بۆ دەرەوەی شاری کۆیە نەگەڕاونەتەوەو لەوڵاتی غەریبی سەریان ناوەتەوە (مەلای گەورە،۲۰۰۹: ۲۳٥/۷). وەك نموونەیەك ئازاد مەلا عەلی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت": پیاوێك هەبوو لە کۆیە بەناوی مەلا رەئووف سەلیم ئەمین ئاغا حەوێزی بوو، یەکێك بوو لەو کەسانەی کە سەردانی وڵاتی هیندستانی کردووە، بۆماوەی حەوت ساڵ لە شاری بۆمبای مابووەوە، دواتر کە هاتەوە کۆیە شارەزایەکی زۆرباشی لە چارەسەری دەرمانی سروشتی پەیدا کردبوو، زۆر لە خەڵکی بۆ چارەسەری دەچوونە لای، لەوکاتەدا وەك ئێستا دکتۆرو داو دەرمان زۆر نەبوو، من خۆم یەکێك

بووم لەو کەســـانەی نەخۆش بووم بەدەســـتی ئەو چـارەســـەر بووم (مەلا عەلی،٢٠١٩/١/٣).

### 4.2 حاجی بەکر[13] ئاغا (١٧٨٦-١٨٥٣):

مەلای گەورە زۆرجار لە تەفسـیرەکەی ئاماژە بۆ ناوی ئەم کەسـایەتیەی شـاری کۆیە دەکات و بە دامەزرێنەری مزگەوتی گەورەی کۆیەی ناوزەندی کردووە، ئەم مزگەوتە لە ســـاڵی (١٢٦٠ك-١٨٤٣ز) حاجی بەکر ئاغا دروســـتی کردووە، ئەوەی جێگای ســـەرەنجە فەرمانی وتار خوێندنەوەی هەینی و دەرس وتنەوە لەم مزگەوتە لەلایەن ســـوڵتانی عوســـمانی عەبدولعەزیزەوە حاجی مەلا ئەســـعەدی باپیری مەلای گەورە دەرچووە، هەروەها ئەم مزگەوتە بۆتە هۆی پێگەیاندنی چەندین زاناو مەلا لە شـــاری کۆیە و کوردســـتان، هەندێك جار شـــوێنی بڕیاردان و کۆبونەوەی پیاو ماقوڵانی شارەکە بووە، جگە لەوەی شوێنی وتاردانی ڕۆژی هەینی بووە(٢٠٠٩: ١٠/ ٢٩٢؛ علاء الدین،٢٠٠٩: ٤٤).

حـاجی بەکر ئـاغـا لەبەر زیرەکی و بەتوانایی لێهـاتووی خۆیەوە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردســـتان ناسراوەو ڕێزی لێگیراوە، پیاوێکی خێرخوازو بەخشـــندەو چاو تێرو یارمەتیدەری هەژاران لێقەوماوان بووە، لە بواری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیدا هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە، بە درێژایی تەمەنی هەوڵی خزمەتگوزاری ئاوەدانکردنی شـــارو چارەســـەری کێشـەی کۆمەڵایەتی داوە، جگە لە دروسـتکردنی مزگەوتی گەورە، لە هەمان ساڵدا قەیسەری کۆنی کۆیەیی دروستکردووە (شارەزا،٢٠٠٩: ٢٣٦-٢٣٧ ؛ عەلائەدین، ٢٠١٣: ٩-١٠).

حاجی بەکر ئاغا لە ســـەردەمی فەرمانڕەوای میرنشـــینی ســـۆران فەرمانڕەوای کۆیەیی کردووە، یەکێك بووە لە بازرگانە بەناوبانگەکانی شـاری کۆیە، لەوکاتەدا ماڵێکی لە کۆیە ئەوی تری لە بەغدا بووە، بۆ ئەم مەبەســـتە بەردەوام بازرگانی توتنی لە نێوان کۆیەو بەغداو شـارەکانی کوردسـتان کردووە، لە هەمانکاتیشـدا وەك گەورەی شـاری کۆیە مامەڵەی لەگەڵ کراوەو دەستێکی باڵای هەبووە لەخزمەت کردنی شـارەکە لە بوارەکانی کارگێری و ڕامیاریدا (حەوێزی،٢٠٠٧: ٦٩/١-٧٢؛ وەسانی،٢٠١٧: ١٤٨/١).

### 4.3 حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی(١٨٣٥-١٩٠٨):

کەسێکی لێهاتوو زانایەکی بەتواناو بەناوبانگی ناسراو بووە، لە بواری زانستی ئاینی زۆر شـــارەزا بووە، بەتایبەت لەبواری زانســـتی باوەڕ (عقیدە) زۆرجار گفتوگۆی لەگەڵ زانایانی پەیڕەوانی مەزهەبی شـیعە کردووە، بۆیە نەك لە کوردســـتان بگرە لە تورکیا و ئێرانیش دانیان بە پایەیی زانســـتی داناوە، بە نموونەش (ئەمیرخان )ی فەرمانـدەی ســـوپـای ئێرانیە، کاتێـك گفتوگۆی لەگەڵ مەلا عەبـدوڵا کردووە دەربارە مەهـدی مونتەزەر، زۆر ســـتایشی_ مەلا عەبدوڵای کردووە لە زیرەکیدا،مەلا عەبدوڵا پیاوێکی زۆر دڵپاك بوو، هەندێك مرۆڤی ناڵەبار توانیویانە هەڵیبخەڵەتێنن و فێڵیان لێکردووە، کاتێك پیاوانی دەوڵەت بە کۆیەدا گوزەریان دەکرد، زۆربەی کات ســـەردانیان کردووە، هەروەك لە سـەردانی (ئیحتشـام سـەڵتەنە)ی فەرماندەی سـوپا سـالاری ئێران بۆ لای مەلا عەبدوڵڵای کۆیە، پاش گفتوگۆیەکی زۆر مەلا عەبدوڵا زۆر ڕێزی لێ دەگرێت و ئەویش لە بەرامبەردا زۆر ستایش حاجی مەلا عەبدوڵا دەکات (مەلای گەورە،٢٠٠٩: ١٤٧/٢ ؛ ٢٨/٥؛ ١٤٥/٧): هەروەك لە پێشـوتر ئاماژەمان پێدا، مەلا عەبدوڵای جەلی بەشـداری شـەری نێوان دەوڵەتی عوسـمانی و ڕوسـیای کردووە، هەروەها مەلا عەبـدوڵاش وەك یەکێـك لە زاناکانی کوردســـتان بەهۆی ئەو پەیوەنـدیەی بەهێزو خۆشەی لەگەل دەوڵەتی عوسمانی هەیبوو، هەندێك کات بۆ دابینکردنی بژێووی ژیانی داوای موچەی لە دەوڵەتی عوسمانی کردووەو ئەوانیش بۆیان ناردووە (باجگر،٢٠١٨: ٩١؛ گورزی،١٠٤:٢٠٠٩).

شـایەنی باسـە کاتێك لە سـاڵی ١٨٩١ پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسـمانی و ئێرات تێکدەچی بۆ چارەسەری کێشەکە[14] باب عالی داوا لە حاجی مەلا عەبدوڵاو عەبدوڵا پاشـای ڕەواندز دەکات بەرەو ئێران بڕۆن تا لەگەڵ وەفدی ئێرانی لە سـابلاغ وتوێژ بکەن و هەوڵی ئاشتکردنەوەی پەیوەندیەکان بدەن، پاشان بەهۆی زیرەکی و لێهاتووی حاجی مەلا عەبدوڵا توانیان پەیوەندیەکان ئاسایی بکەنەوە، لە پاداشـتی ئەمەدا خەڵاتی مەجیدی لە پلەی سـێیەمی لە حکومەتی عوسـمانی پێدرا، هەروەها ئەنگوسـتیلەیەکی ئەڵماسی بەهاداریشی_ لە (ناسرەدین شـا)ی قاجاریەوە بە دیاری بۆ هات (جەلی زادە،٢٠٠١: ٣٩-٤٠؛ گورزی،٢٠٠٩: ١٠٥؛مەعروف،٢٠١٣: ١٨).

مەلا عەبدوڵا لە پاڵ ئەوەی زانایەکی بەرزی ئاینی بوو، هەروەها شـاعیرێکی بە تواناش بووە، زۆربەی شـــیعرەکانی بە کوردی و فارسی نوســـیووە، پاشـــان لەگەڵ مەلا ئەسعەدی باوکی دەچێتە حەج، لەوێ باوکی دوچاری نەخۆشی دەبێت و کۆچی دوای دەکات، حاجی مەلا عەبدوڵاش دەگەڕێتەوە بۆ شـــاری کۆیە، لە جێگای باوکیدا لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەســـعەد خەریکی وانە وتنەوە دەبێت، لەوکاتەدا ژمارەیەکی زۆر فەقێ لەشارەکانی تری کوردستان ڕوو لە کۆیە دەکەن، دواتر مەلا عەبدوڵا بە سەرۆکی زانایان دادەنرێت، ســـەرەڕای لایەنی ئاینی شـــارەزایەکی باشی لە مێژووی کورد و ئیســـلام هەبوو، دڵســـۆزانە جەنگاوە بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵگای کوردەواری و ڕێنیشـــاندەرێك بووە بۆ چارەســـەری کێشـــەکان (مەعروف، ٢٠١٣: ٥-٦؛ عەلائەدین، ٢٠١٤: ١٢-١٤).

لە راستیدا حاجی مەلا عەبدوڵا دۆستایەتی لەگەڵ گەلێك کەسی ناودار و پیاوانی ئاینی و ئەدەبی ســـەردەمەکەی خۆی لەناوەوە و دەرەوەی کوردســـتان هەبووە، هەروەها کاتێك لە ساڵی ١٨٧٦ سەفەری بەغدای کردووە چاوی بە زانا و پیاو ماقوڵانی بەغدا کەوتووە وەك (موفتی ئەحمەد زەهاوی و دەروێش حەیدەری و ســـەید ســـولێمانی نەقیب) لەهەمان کاتدا چاوی بە کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ عومەری بیارە کەوتووە، دۆستایەتی بەهێزی لەگەڵیان هەبووە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ حاجی قادری شاعیر بە هێز بووە و ســـەردانی زۆر ناوچەی کوردســـتانیان پێکەوە کردووە، بەتایبەتی بۆ خوێندن هەوڵیداوە هزر و بیری حاجی بۆ کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ بگوازێتەوە، کاتێك لەگەڵ باوکی چووە بۆ حەج بووە بە حاجی، نازناوی جەلیشی هەر بەکارهێناوە، لە ســـەر دەســـتی ئەو ژمارەیەکی زۆر مەلا ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتووە (شـارەزا، ٢٠٠٩: ٢٥٤-٢٥٥ ؛ جەلی زادە،٢٠٠١: ٣٩-٤٠؛ مەعروف،٢٠١٣: ١٩).

### 4.4 حەمە ئاغای گەورە[15] ( حەماغای غەفوری ١٨٣٨-١٩٢٠):

مەلای گەورە لە تەفسیرەکەی زۆر ستایشی کەسایەتی حەمەئاغای غەفوری کردووە، هەروەها لە زۆر جێگادا لە تەفسـیرەکەی ئاماژە بە ووتەکانی ئەم کەسـایەتیە دەکات، زۆرجار ووتەکانی وەك نموونە دەهێنێتەوە، پاشان باس لە دیوەخانە گەورەکەی دەکات کە شـوێنی بە یەکگەیشـتنی زاناو پیاو ماقوڵانی کۆیە و کوردسـتان بووە، زۆرجاریش گفتوگۆی زانســـتی کراوە لە نێوان حەمائاغا و مەلای گەورەدا، هەروەها حەماغا بەلای مەلای گەورەوە مرۆڤێکی لە خوا ترس و دینـدار بووە ، هەروەك دەڵێـت": ئەو پەرسـتنەی حەما ئاغا دەیکرد لە دڵەوە بوو نەك لە ڕواڵەت، چاکە و سـەخاوەتیشی_ بەزۆری ڕووی لە هەژاروو بێ دەســـەڵاتان دەکرد، تا ئەوەی لە دیوەخانەکەی ئەو بۆ هەمووان یەك جۆرە خواردن پێشـکەش دەکرا، جیاوازی لە نێوان دەســـەڵاتدارو بێ دەسەڵات نەدەکرا" (٢٠٠٩: ١٩٩/٤ ؛ ٥٤٦/١٠).

حەمە ئاغا یەکێکە لە پیاوە هەڵکەوت و ناودارەکانی کوردستـــــان و خانەوادەی غەفوری، پیاوێکی چاو نەترس و ئازاو مەردوو دلێر بووە، ســـەخی و نانـدەر بووە، خێرخواز و میوان پەروەر بووە،خاوەنی زەوی زارو سامانێکی زۆر بووە، لە گرانیەکەی ساڵی ١٩١٧ شـاری کۆیەدا، توانی یارمەتی هەژاران بدات لە پێدانی نان و خۆراك بەســـەر خەڵکی ناوچەکەدا، دواتر لە پاش روخانی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کۆیە کرا بە قـائیمقامی کۆیە (محمـد،١٩٨٦: ٦٥؛ عەلائەدین،٢٠١٤: ١٨-١٩). حەما ئاغا پیاوێکی رووخۆش و دەم خۆش بوو، لە کۆتایی تەمەنی هەموو بێهێزیەکانی بە ســـاڵاچوونی پێوە دیاربوو، ئەو گیانی لە خۆبردەیی تێدابوو، ئەو تاکە کەس بوو لە کوردستان کە ڕەزیل نەبێت و سەخاوەتی تێدابێت، دڵپاکیەکەی شێوە بەر دڵەکەی وایکردبوو، ئەو بەرامبەر خزمەکانی زۆردارێـك بێـت و هیچ کام لە دوژمەنەکانی نەدەبوری، خۆشـــەویســـتی و ڕق وکینەی تایبەتی خۆی کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر ڕەفتاری هەبوو (ئارهەی،٢٠١٠: ١٢٨).

شایەنی باسە حەما ئاغا یەکێك بووە لەو کەسایاتیانە هەرگیز بۆ کەسی نەسەلماندووەو دەستدرێژی لە کەس قبوڵ نەکردووە، بەهۆی ئەو سەرکێشیانەی کردوویەتی زۆرجار تووشی کێشـــە بووە لەلایەن دەوڵەتی عوســـمانیەوە، بەند کراوەو گیراوەو دواتر ئازاد کراوە، هەروەها لەوکاتەدا بۆ پاراســـتنی شـــاری کۆیە لەگەل هۆزکانی ناوچەکانی تری کوردستان تووشی کێشە بووە، بۆیە لەگەڵ هەریەکە لە هۆزەکانی (هەمەوەندو شێخ بزێنی و دزەیی و مەنگورو چەندانی تر) تووشی ناخۆشی و ململانێ و دووبەرەکی بووە، لەوکاتەدا ئەم هۆزانە زۆربەی کات هێرشـــیان دەکردە ســـەر کۆیە و گوندەکانی دەوروبەری کەل و پەل و پارەی خەڵکیان تاڵان کردووە، لەم چوارچێوەدا هێرشـــیان دەکردە سەر کاروانە بازرگانیەکان، حەما ئاغاش بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی شارەکە بەوپەری ئـازایانەو لێهاتووانە بەرگری لەشـــارەکە کردووە (باجگر،٢٠١٨: ١٧٩، ١٩٥، ٢١٠).

### 4.5 حاجی ئەفەندی :

یەکێکە لە کەســـیاتیە قورئان خوێنەرەکانی شـــاری کۆیە، کە دەنگێکی زۆر خۆش و کاریگەری هەبووە لەسەر دانیشتوانی شاری کۆیە، لەوکاتەدا هەندێك لە پیشەوەرەکانی شـــاری کۆیە دەنگیان خۆشـــبوو لەبوارەکانی قورئان خوێندن و ژەندنی مقامی و بەستەی کوردی، پاش نوێژی عەسران لەناو بازاری قەیسەری دەستیان بە گۆرانی دەکردو بێ ئەوەی شـــەرم بکەن، حاجی ئەفەندیش قورئانی بە دەنگ دەخوێندەوە مەلای گەورە وەك دەنگ خۆشـــێك لە تەفســـیرەکەی باسی کراوە (مەلای گەورە، ٢٠٠٩: ٥/٣).

### 4.6 حاجی عوسمان کوڕی حاجی ڕەشید:

مەلای گەورە لە تەفســـیرەکەی زۆر ناوی ئەم کەســـایەتیەی هێناوە" ئەم زاتە خێرومەندێکی شاری کۆیە بووە، چەندین ماڵ و موڵکی هەبوو، هەمووی پێشکەش بە ئەوقافی گشتی کردووە، لە پێناوی کاری چاکەو خێردا سەرفی کردووە، بۆیە کەسێکی زۆر دڵباش و بە بەزەیی بووە بەرامبەر بە خەڵکی هەژاران، لەوکاتەدا زۆر مەلاو فەقێ ســـودیان لێ بینوە، دواتر کوڕەکەی لەســـەر هەمان ڕێچکەی باوکی دەروات، وەك بنەماڵەیەکی ناسراوی شـــاری کۆیە جێ پەنجەیان دیارە لە مێژووی کۆیەدا، بەس مەخابن لە ڕووی مێژووی ژیان و مردنیەوە شـــتێکی ئەوتۆ نازانرێـت (مەلای گەورە،٢٠٠٩: ٣٥/٩).

### 4.7 ئەحمەد کوڕی حاجی عوسمان ناسراو بە (حەمەدی حەمە ڕەق):

ئەم پیاوە وەك کەســـێکی پیاو چاك و خێرومەندێکی ئەو ســـەردەمە باس کراوە، لەســـەدەی بیســـتەهەمدا زۆر یارمەتی و هاوکاری پێشـــکەش بە خەڵکی هەژار و لێقەوماوانی ئەوکات کردوەوە ، هەروەها هەستاوە بە دروستکردنی هەردوو مزگەوتی ڕەشـەو پەلك، کە دوومزگەوتن لە شـاری کۆیە تا ئێسـاش ئاوەدانن و نوێژیان تێدا دەکرێت، جگە لەوەی بنەماڵەیەکان بە خانەدان و خاوەن دیوەخان ناسراوە، لەرۆژی ٦/٩/ ١٩٢٩ کۆچی دوایی کردوە، زیاتر لەســـەر ژیانی نازانرێـت ( مەلای گەورە،٢٠٠٩: ٣٥/٩،وەسانی،٢٠١٧: ١٤٧١/١-١٤٨).

(دەشتی حەمەدەمین)[16] نەوەی حەمە ڕەق دەڵێت":باب وباپیرانم بەردەوام خەریکی کاری بازرگانی بوون لە نێوان کۆیە و بەغدا، دواتر باپیرە گەورەم ژمارەیەکی زۆری دوکانی قەیسەری و زەوی زاری کردووە بە وەقف، خاوەن دیوەخانێکی گەورە بوون، زۆربەی کات دیوەخانەکەیان پڕبووە لە خەڵکی هەژار، بۆ ئەم مەبەســـتە خانوەکەمان زۆر گەورەبوو لە چل و چوار ژوور پێکهاتبوو، کاتێك کەسێك کێشەیەکی لێ ڕوبدایە خۆی دەخســـتە ماڵی ئێمەوە، دەمان شـــاردەوە تا کێشـــەکەی چارەســـەر دەبوو، هەروەها لەبابم بیســـتووە کاتێك باپیرە گەورەم ڕۆژی هەینی بۆ نوێژ دەڕۆی هەردوو گیرفانی پڕ لە پارە دەکرد، کاتێك کە نوێژ تەواو دەبوو چاوی خۆی دەگرت و پارەکەی بەســـەر خەڵکی دابەش دەکرد بێ ئەوەی کەســـەکان بناسێت کە پارەی پێ دەدان، هەروەها باس لەوە دەکات کە لە ســـاڵی ١٩٩٠ ئامۆزاکانی دەزگایەکی خێرخوازیان بەناوی بنەماڵەکەیان دامەزراندوە، شایەنی باسە لە ساڵی ١٩٩٠ ئەنجومەنی ئاسایش گەمارۆی ئابوری بە سەر هەموو عێراق سەپاند بەهۆی ڕوداوەکانی داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، پاشـــان لە دوای ســـاڵی ١٩٩١ واتە دوای ڕاپەرین ئەم گەمارۆیە هەر بەردەوام بوو، دواتر گەمارۆی حکومەتی عێراقیش هاتە سـەر هەرێمی کوردســتان، ، ئەم بنەماڵەیە کۆمەکی خەڵکیان کردوو بە ئازووقەو داو دەرمان"(نەجیم،٢٠١٩/١/١٠).

### 4.8 کەسێك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات:

لە ســـاڵی ١٩٣٣ کەســـێك خەڵکی گوندی ئۆمەر گومبەت بوو، بانگەشـــەی پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی دەکرد، لەوکاتەدا ئەمە شـــتێکی قبوڵ نەکراو بووە، لەلایەن موسڵمانان و خەڵکی ناوچەکەوە، بۆیە دادگای کۆیە بانگهێشتی کردووەو بڕیاری گیرانی بۆ دەرکرد، بەڵام مەخابن نازانرێت ماوەی حوکم کردنەکەی چەندبوو، گرنگ ئەوەیە تەنها بەند کراوەو نەکوژراوە (مەلای گەورە، ٢٠٠٩: ٤٣١/١٠).

### 4.9 دکتۆر سولەیمان و دکتۆر سەلاح وەسفی شامی:

ئەم دوو دکتۆرە خەڵکی دەرەوەی شـاری کۆیە بوون، لە سـەردەمی مەلای گەورە لە کۆیە ژیاون، ســـولەیمان خەڵکی موســـڵ بووەو ســـەلاحیش خەڵکی ســـوریا بووە، لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەشاری کۆیە بوونەتە پزیشك وچارەسەری زۆری خەڵکی کۆیەو دەوروبەریان کردووە، زۆرنەخۆشـــیان چارەســـەر کردووە، هەروەها ئەم دوو دکتۆرە لەگەل خەڵکی شـاری کۆیە زۆر تێکەڵاو بوونەو چارەسـەری زۆر نەخۆشـیان کردووە، مەلای گەورە دەڵێت": کتۆر ســـولەیمان بەردەوام لەگەڵ ئێمە هەڵدەســـتاو دادەنیشـــت، هەندێك جاریش گوێی لە حاجی ئەفەندی قورئان خوێن دەگرت و فرمێســـکی بە چاو دەهاتە خوارێ، مرۆڤێك بوو دەنگی قورئان زۆر کاری تێ دەکرد "(مەلای گەورە،٢٠٠٩: ٥/٣؛ ٣٤١/١٠).

مەسعوود محەممەدی كوڕی مەلای گەورە دەڵێت:" دكتۆر سەلاح خەڵكی سوریا بووە، چەندین ساڵ لە كۆیە كاری دكتۆری كردووە، بۆیە زۆر دۆستی باوكم بووە، هەرگیز لەقسەی دەرنەچووە، هەرچی لە توانای بووایە بۆ باوكم دەیكرد، تا جارێكیان ئافرەتێك بەناوی (زینەب شەدەلار) كە زۆر هۆگری ماڵی ئێمەبوو، بەسەر منداڵی یەكەمیەوە جوانەمەرگ بوو، لەكاتی نەخۆشیەكەی باوكم بە دوای دكتۆر سەلاحی نارد، ئەویش یەكسەر هات هەرچی لەتوانای بوو، بۆ ڕزگار كردنی ئەم ژنە كردی، تەنانەت عەمەلیاتیشی بۆ ئەنجامدا، بەڵام بێسود بوو ژان زۆری لێكرد تا ئەوكاتەی دڵی وەستا" بۆیە ئەم دكتۆرە بە درێژایی تەمەنی خزمەتی مەلای گەورەی كردووە، ئەویش لەلای مەلای گەورە كەسێكی هەمیشە خۆشەویست بووەو ڕێزی لێگراوە (٢٠٠٩: ١٠٩،١٥٦).

## 4.10 ئەحمەد سامی دیوونی قائیمقامی كۆیە و سمایل ئاغای سەرۆك شارەوانی كۆیە:

مەلای گەورەی كۆیە لە تەفسیرەكەی ئاماژە بەوە دەكات كە زۆر ناڕازی بووە لە ئیش و كاری كاربەدەستانی ئەو سەردەمە، بۆیە ڕەخنەیەكی زۆر لە قائیمقام و سەرۆك شارەوانی ئەو سەردەمەی كۆیە دەگرێ، هەروەك خۆی دەڵێت": ئەحمەد سامی دیونی عەرەب بوو خەڵكی شاری موسڵ بوو لە ساڵی ١٩٣٨ وەك قائیمقامی كۆیە دەست بەكاربوو، كاتێك وەك قائیمقامی شاری كۆیە كاری كردووە، زۆرباش كارەكانی بەڕێوە نەبردووە، بۆیە شارەكە لەسەردەمی ئەودا لە ڕووی خزمەت گوزاریەوە لەوپەڕی خراپی بووە، بۆ ماوەی یەك ساڵ قائیمقام بووە ، هەروەها سمایل ئاغاش خەڵكی شاری كۆیە بووەو سەرۆك شارەوانی كۆیە بووە، لەوكاتەدا ئەویش وەك پێویست نەیتوانیوە كارەكانی بەڕێوە ببات و بۆیە بایەخی بە پرۆژە خزمەتگوزاری و ڕێگەوبانەكانی كۆیە نەداوە، ئەوەش ئاماژەیەكی گرنگ دەردەخات كە شاری كۆیە لە سەدەی بیستەمدا یەكەیەكی ئیداری تایبەت بە خۆی هەبووەو وەك شارێكی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ كراوە (٢٠٠٩: ٣٩/٨؛ ٣٤١/١٠).

## 4.11 كاكە فەندی:

یەكێك بووە لە پێش نوێژەكانی مزگەوت لە شاری كۆیە، بۆیە زۆربەی كات لە كاتی خوێندنی ئایەت دوای سورەتی فاتیحە سورەتە كورتەكانی دەخوێندەوە و زوو نوێژەكەی كۆتایی پێ هێناوە، بۆیە لەلای خەڵكی كۆیە خۆشەویست بووە، خەڵكێكی زۆر لە دوایەوە نوێژی جەماعەتیان كردوە، لە ئێستاشدا خەڵكێكی زۆری شاری كۆیە حەزیان لە نوێژی كورتە بۆ جەماعەت كردن، بەتایبەتی هەندێك مەلا هەیە ئایەتە كورتەكان دەخوێنن خەڵكەكە پێیان خۆشە، بۆیە هەندێك جارئەو مزگەوتانەی ئەو مەلایانەی لێیە قەرەباڵغن بەتایبەتی نوێژی ڕۆژانی جومعە (٢٠٠٩: ٢٣٣/٩).

## 4.12 حیكمەت زەهاوی قائیمقامی كۆیە(١٩٣٩-١٩٤٢)

ئەم پیاوە كەسێكی عەرەب بوو پێشتر لە شاری عەقرە قائیمقام بووە، خاوەن ڕەوشتێكی بەرزو پیاوێكی باش بووە، یارمەتی زۆری هەژارانی داوە، شاری كۆیە لەسەردەمی ئەودا لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە پێشكەوتوو بووە، هەروەها ئەم كەسایەتیە لە ڕۆژانی هەینی بۆ نوێژی هەینی ئامادە دەبوو، تا لە بارودۆخی خەڵكی شارەكە ئاگاداربێت و زۆر هاوكاری هەژارەكانی شارەكەی دەكرد، هەروەها ئەم پیاوە لەلای مەلای گەورە زۆر خۆشەویست بووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەوكات نەیانهێشت زۆر لە كۆیە بمێنێتەوە، بۆیە لەوەزیفەكەی دوریان خستەوەو گواستیانەوە بۆ شاری بەغدا (مەلای گەورە ،٢٠٠٩: ٤٧٦/١٠). شایەنی باسە زانیاری دەربارەی ئەو كەسایەتیە زۆر كەمە.

## 4.13 مەلا عێزەتی ئامۆزای مەلای گەورە:

ئەم كەسایەتیە ئامۆزای مەلای گەورە بووە، هەروەك لە تەفسیرەكەی ئاماژە پێ دەكات، لەوكاتەدا ئەم كەسایەتیە هاوسەردەمی تەمەنی مەلای گەورە بووە، وادیارە مەلای گەورەش زۆر كاریگەری لەسەر ئەو كەسایەتیە هەبووە چونكە هەم ئامۆزای بووە، هەمیش هاوڕێی سەردەمی منالی بووە، دواتر مەلا عێزەت بە ئامۆژگاریەكانی مەلای گەورە زۆر كاریگەر بووە، بۆیە زۆربەی كات قسەكانی مەلای گەورەی وەك پەندو ئامۆژگاری لای خۆی جێبەجێ كردووە (مەلای گەورە،٢٠٠٩: ٣٠٥/٣)، هەروەها مەلای گەورەش زۆر گرنگی پێداوە، زۆرجار ئامۆژگاری كردووە لەبارەی باوەڕبوون بە بەهێزی ئیمان و باوەڕ بوون بە خودی خۆی، هەروەك ڕۆژێك پێی دەڵێت": كاتێك مرۆڤی باوەڕی بەهێزبوو، هێزی ئیمانی زیاد دەكات، بەرەكەتی خوای بەسەر دەبارێت و كاری گران لەلای قورس نابێت، بەڵكو ئاسان دەبێت(چۆم حەیدەری،٢٠١٤: ٢٠/٣٢).

شایەنی باسە مەسعوود موحەممەد لەبارەی مەلا عێزەتەوە دەڵێت:مەلا عێزەتی ئامۆزای باوكم وەك یاریدەدەری باوكم وابوو، چونكە زۆربەی كات لەماڵی ئێمە دەمایەوە، شەوان لە دیار باوكم دەمایەوە و پارێزگاری لێدەكرد، بۆیە جارێكیان لەماڵەكەی كۆیەمان دزێك خۆی دەخاتە ماڵی ئێمەوە، مەلا عێزەت و مەلا برایم توانیان بیگرن و ڕادەستی پۆلیسی بكەن، بۆیە ئەم كەسایەتیە لەلای باوكم گرنگ بوو خزمی نزیكی بوو (٢٠٠٩: ٧٥).

## 5. ئەنجام

**1.** نوسینی بیرەوەری یاخود یاداشتەكانی ژیانی كەسێك بەشێكە لە جۆرەكانی ئەدەب لەناو ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەیەك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە ڕێگەی خوێندنەوە لەم جۆرە بابەتانە پەردە لەسەر ژیانی تایبەتی كەسەكە و لایەنە گرنگەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و ڕۆشنبیری ئەو كۆمەڵگەیە لەو سەردەمەدا وێنا دەكرێت.

**2.** مەلا محەممەدی جەلیزادە بە یەكێك لە دیارترین و زانا و كەسایەتییە كوردەكانی كۆتایی سەدەی ١٩ و نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت چ بە نوسین چ بە ڕۆڵی هەمەجۆری لە ژیانی كوردەواریدا، ئەسپی خۆی تاوداوەو خاوەنی دنیابینیەكی تایبەت و ناوازە بووە لە سەردەمەكەی خۆیدا، وەك چاكسازێخوازێكی ئاینی ناسراوە، تەفسیری تایبەت بەخۆی بۆ تێگەیشتنی قورئانی پیرۆزو زانستەكانی دیكەی ئاینی هەبووە،هاتووە ژیانی كۆمەڵایەتی و ئاینی خەڵكی كوردستان ڕوون بكاتەوە.

**3.** مەلای گەورە بارودۆخی ئەوسای شاری كۆیە و وڵاتی كوردەواری ڕەنگرێژی ناو تەفسیرەكەی كردووە، دیارە لەم كاتەشدا كۆیە وەك یەكێك لە شارە دێرینەكانی كوردستان خاوەن پێگە و ڕۆلی تایبەتی خۆی بووە، وەك ناوەندێكی ڕۆشنبیری و بازرگانی و مەعریفی ناسراوە.

**4.** لەم شارەدا گەلێك ڕوداو دروست بوونە لە چاو شارەكانی تری كوردستان جیاواز بووە، مەلای گەورەش هاوسەردەمی ڕووداوەكان بووە، پاشان زۆربەی ئەو ڕوداوانەی تۆمار كردووەو لەشێوەی تەفسیر ئایەتی لەگەڵ گونجاندووە، لە

زۆر جێگادا نموونەی بە ژیان و ئەزموونی تایبەتی خۆی و ماڵبات و زانایان و و بارودۆخی ئەوسای وڵاتی کوردەواری ڕەنگرێژی ناو تەفسیرەکەی کردووە.

**5.** شاری کۆیە لە سەدەکانی نۆزدەو بیستەهەم خاوەنی چەندین کەسایەتی بەناوبانگ و بازرگان و خانەدان بووە، هەمیشە دەست پێشخەرو ڕێچکە شکێن بوون لە بوارە جیاجیاکی ژیاندا، مەلای گەورەش لە تەفسیرەکەیدا ئاماژە بە ناوی هەندێکیان دەکات و وەك شۆڕە سواری کوردستان ناویان دەبات بە سەروەریەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەیان ناسێنێت.

**6.** ئەم توێژینەوەیە جگە لەوەی گرنگی تەفسیرەکەی مەلای گەورە دەردەخات بەوەی یەکەم تەفسیری قورئانی پیرۆزە بە کوردی نوسرابێ، لایەنێکی دی گرنگیشمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە مەلای گەورە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی شارەکەو خەڵکی کوردستان بە تەفسیری ئایەتەکان بەستۆتەوەو بیری نەچووە ناوی ئەو کەسانەمان بۆ تۆمار بکات، کە ڕۆڵیان هەبووە لە بوارەکانی ژیانی ئەم شارە لەو سەردەمەدا.

## 7. سەرچاوەکان

### 7.1 سەرچاوە بەڵگەنامەییەکان:


باجگر:نەوزاد یەحیا سەعید.٢٠١٨، کۆی سانجەق لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا ١٨٥٢-١٩٢٠،بەرگی شەشەم،وە:ئاشتی رەحمان، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان، هەولێر.


### 7.2 یاداشت و بیرەوەرییەکان بە زمانی کوردی:


حیلمی:ڕەفیق.٢٠٠٣،یاداشت،چ٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

خۆشناو: هێمن عومەر.٢٠١٧، بیرەوەری وڕوانینەکانی مەلای گەورە،چاپخانەی دیاربکر، لە بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن وساغ کردنەوەی دەستنوس.

محەمەد:مسعوود.٢٠٠٩،گەشتی ژیانم،چ٣،سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە،کۆیە.

مەلای گەورە:مەلا محمدی کۆیی.٢٠٠٩، تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی،چ١،ب١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠، چاپخانەی حەمدی، سولێمانی.

ئەمین کۆیی:هۆشیار محەمەد.٢٠١٣،هەولێر لە یاداشت و بیرەوەری گەریدەو نووسەرە بیانییەکاندا،بەرگی یەکەم،نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن،هەولێر.


### 7.3 سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


باقی:محەمەد حەمە.٢٠٠٠، شۆڕشی شێخ عوبدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەی قاجاری دا،دەزگاو چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

بەحرکەیی: مەلا طاهیر مەلا عبداللە.٢٠١٠،مێژووی زانایانی کوردی،ب٣، چاپخانەی ئاراس،هەولێرز

تەیب: جەمال فەتحوڵا.٢٠٠٨، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە،چ٢،چاپخانەی شەهاب ، هەولێر.

جەلی زادە: نەجیبەخانی.٢٠١١، مێژووی جەلی زادە، پێداچوونەوە مولود ژاکاو،لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پەخشی کۆیە،کۆیە.

جەلی زادە:نەجیبە.٢٠١٨، هەواڵی کوردەواری ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٣،پێشەکی لێکۆڵینەوەی کەمال مەعروف،بەرگی یەکەم دووەم،چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

جەلی زادە:نەجیبەخان.٢٠٠٩، مێژووی شاری کۆیە،چاپخانەی شەهاب،هەولێر.

حوێزی:طاهر أحمد.١٩٨٤، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم،بەشی یەکەم،چاپخانەی نمیر،بەغدا.

حەوێزی: تاهیر ئەحمەد.بەری یەکەم،چ٢،مێژووی کۆیە،چاپخانەی کاروان،هەولێر.

شارەزا: کەریم.٢٠١٣، کۆیەو شاعیرانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

شارەزا:کەریم-نازم حەوێزی-عوسمان مستەفا خۆشناو-مەجید ئاسنگەر.٢٠٠٩،کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.

شەورۆ: فازیل.٢٠١٧، پۆشاکی کۆییان ١٩٠٠-٢٠١٦-توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی پیشەوەریی کلتورییە،پێداچوونەوەی عەبدالکریم شێخانی،هەولێر.

علاء الدین:عبدالخالق.٢٠٠٩،مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر،چ٢،چاپخانەی منارە، هەولێر.

عەلائەدین:عەبدولخالق.٢٠١٤، کۆیە...ناودارانی،دەزگای گۆڤار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،هەولێر.

گورزی:مەلا حوسێن.٢٠٠٩،کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاکردنەوە، هەولێر.

محمد:مسعود.١٩٨٦، حەمەغای گەورە،دەزگای ڕۆشنبری بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.

موحەمەد:مەسعود.١٩٧٣، حاجی قادری کۆیی، ب١،بەغدا.

مەعروف: کەمال.٢٠١٣، سەرجەم بەرهەمەکانی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە،نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاو کردنەوە،هەولێر.

هاوار:م.ر.١٩٩١، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان،ب٢،لەندەن

وەسانی:هاوکارعبداللە .٢٠١٧، ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە،ب١-٢، بڵاوکراوەی نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندن،هەولێر.


### 7.4 سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:


الچوم حيدرى:جواد فقى علي.٢٠٠٦،محمدبن عبدالله الجلي وجهود العلمية، مطبعة وزارة التربية،اربيل.

**7.5 سەرچاوە وەرگێڕدراوەکانی سەر زمانی کوردی:**

تەقوش:محەمەد سوهەیل.٢٠٠٩، عوسمانیەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خەلافەتدا،وە:نەریمان خۆشناو و مستەفا سەید مینە، چ٢، پخانەی ئاوێر، هەولێر.

ڕیچ:کلودیس جەیمس.٢٠١٢، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠،وە:محەمەد حەمە باقی،چاپخانەی خانی، هەولێر.

ئارهەی:دبلیۆ.٢٠١٠، دوو ساڵ لە کوردستان-گەشتێکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا،وە:لوقمان باپیر،دەزگاو چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

**7.6گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:**

بۆسکینی: ڕەسوڵ.٢٠١٥،هێرشی بەریتانیا بۆ گرتنەوەی ناوچەی کۆیە ١٩٢٢، گۆڤاری کەکۆن،ژ٣٧، تەموز، کۆیە.

چۆم حەیدەری: جەواد مەلا حمدامین.٢٠١٤،هەندێك لە بەسەرهاتەکانی وڵاتی کۆیە لە تەفسیری مەلای گەورە، گۆڤاری کەکۆن،ژ٣٢، تەموز، کۆیە.

چۆم حەیدەری: جەواد مەلا حمدامین.٢٠١٥،هەندێك لە بەسەرهاتەکانی وڵاتی کۆیە لە تەفسیری مەلای گەورەدا، گۆڤاری کەکۆن،ژ٣٥، شوبات، کۆیە.

فتح الله:جەمال.٢٠١٤، کۆیە لە ئەرشیفی سەرچاوە مێژووییەکاندا،گۆڤاری کەکۆن،ژ٣١، نیسان، کۆیە.

**7.7چاوپێکەوتنەکان:**

چاوپێکەوتن لەگەڵ دەشتی حەمەدەمین نەجیم حەمە ڕەق،٢٠١٩/١/١٠٩،کات ٧ی ئێوارە،کۆیە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ گولیزار شەفیق ئاغا،٢٠١٨/١٢/٢٣، کات،٢ی پاش نیوەڕۆ، کۆیە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد مەلا عەلی،٢٠١٩/١/٣، کات ٣ی پاش نیوەڕۆ، کۆیە.

---

(1) مەلا موحەمەد کوری حاجی مەلا عەبدوڵڵا کوری مەلا ئەسعەد، ناسراوە بە مەلای گەورە، لەساڵی ١٨٧٦ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، دایکی عائیشە خان کچی حاجی بەکرا ئاغای حەوێزیە، هەر لە منداڵییەوە بلیمەت و زیرەکی پێوە دیاربووە، لە دوای مەرگی باوکی لە ساڵی ١٩٠٨ بەسەرۆکی زانایان دیاریکرا، لە ساڵی ١٩١٦ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ، لە ساڵی ١٩١٨ دەبێتە قازی شەرعی، لە ساڵی ١٩٢٤ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق، هەمووکات و وەختی ڕۆژانی ژیانی بۆ دانانی کتێب و خوێندنەوە و دەرس وتنەوە بەسەر بردووە، مەلای گەورە شارەزایەکی تەواوی لەبارەی فەلسەفەو شەرع و تەفسیرو فیقهەو زانست هەبووە، هەروەها شاعیرێکی بە توانا بووە، زمانەکانی فارسی، تورکی ، عەرەبی، باش زانیوە، هەروەها خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی زانستیە لە گرنگترینیان تەفسیرەکەیە کە دە بەرگە، لە ڕۆژی ١٩٤٢/١٠/١٢، کۆچی دوایی دەکات(بەحرکەیی،٢٠١٠: ١٤٨/٣-١٤٩؛ جەلی زادە،٢٠١٨: ٩-١٠).

(2) کاتێك سوڵتان عەبدولحمیدی دووەم هاتە سەردەسەڵات، ناوچەکانی بولگاریاو بۆسنەو هەرسك و دەیان ویست سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن، لە٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٦ سربیا شەری دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاندوخەڵکی ناوچەکانی چیای ڕەشیش چوونە پاڵیان، دواتر دەوڵەتی روسیاش لە١٤ی ئایەری سالی ١٨٧٧، خۆی خزاندە ناو شەرەوە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی جەنگا، پاشان شێخی ئیسلام لە دەوڵەتی عوسمان نەفەرزی جیهادی کرد لەسەر موسڵمانان بانگهێشتی خەڵکی بۆ جیهاد کرد، سوپای رووسیاش لە ئەستەمبۆل نزیك ببوەوە (تەقوش، ٢٠٠٩: ٥٠٤-٥١١).

(3) حاجی مەلا عەبدوڵا کوڕی مەلا ئەسعەد کوڕی مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانە، لە ساڵی ١٨٣٥ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، هەتا تەمەنی حەوت ساڵی لە سوختەخانە دەخوێنێ، دواتر دەچێتە لای باوکی لە مزگەوت دەخوێنێ، گەلێك گوندی کوردستان گەڕاوە بە مەبەستی خوێندن و تا دواجار مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت و دەبێتە یەکێك لە زانا ناودارەکانی کوردستان، پاشان لە سالی (١٣٢٦ك-١٩٠٨ز) لە کۆیە کۆچی دوایی دەکات (شارەزا ،٢٠٠٩: ٢٥٥-٢٥٧؛علاء الدین، ٢٠٠٩: ٢٨؛ مەعروف،٢٠١٣: ١١-٣١).

(4) کاپتن های لە ١٩١٨/١٢/١٥ تا شوباتی ١٩١٩ بووە یاریدەدەری حاکمی سیاسی ئینگلیز لە کۆیە، پاشان نەقیب بێڵ لە شوباتی ١٩١٩ تا مایسی- ١٩١٩ حوکمی کرد، هەروەها کاپتن ڕەندیل لە مایسی ساڵی ١٩١٩ هەتا مایسی ١٩٢٠ بووە حاکمی سیاسی ئینگلیز لە کۆیە، دواتر برنادشۆ هات(حوێزی، ١٩٨٤: ١٦١).

(5) پێبازۆك: گوندێکە سەر بە قەزای کۆییە ٢١کم دورە لە شاری کۆیە.

(6) جەمیل ئاغا: کوری ئەسعەد ئاغا کوری حاجی بەکر ئاغای حوێزیە، لەساڵی١٨٧٩ لە کۆیە لەدایك بووە،شارەزایەکی باشی لە زمانی فارسی و عەرەبی و زانستە ئاینیەکان هەبووە، لەکاتی لاویتیدا دەبێتە سەرۆك شارەوانی کۆیە، لەکاتی داگیرکردنی کۆیە لەلایەن بەریتانیەکانەوە دەیکەن بە جێگری حاکمی شاری کۆیە، لەساڵی ١٩٢٠ دەبێتە حاکمی شار، لە ساڵی ١٩٢١ دەبێتە قائیمقامی کۆیە، دواتر دەبێتە قائیمقامی رانیە، لەساڵی ١٩٣٩ دەبێتە نوێنەری هەولێر بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵدەبژێردرێت،دواجار لە ١٩٤٦/٣/٢٣ کۆچی دوای دەکات لە گۆرستانی باسکی عەرەبیان دەنێژرێت ( علاء الدین،٢٠٠٩: ٥٠).

(7) سوسێنیەکان، هۆزێکی گەورە بوون، خەڵکی گوندی ئەحمەد برێو بوون، لە پایزدا گەنمیان دەچاند، لە زستانیش بۆ عەمباڵی دەهاتنە کۆیە، بەهارێکی درەنگ دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان (حوێزی، ١٩٨٤: ١٣٣/٢).

(8) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد مەلا عەلی لە٢٠١٩/١/٣،کۆیە، ئازاد کوری مەلا عەلی کوری حاجی تۆفیق، لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، لە ساڵانی ١٩٩٧-١٩٩٨ سەرپەرشتیار بووە لە وەزارەتی دارایی، پاشان بووە بە بەڕێوەبەری شارەوانی کۆیە لە ساڵەکانی ١٩٩٩-٢٠٠٠، دواتر ناسراوە بە ئازاد سەرسپی، پێشمەرگەی دیرین بووە، ماوەی ١٠ ساڵ دەبێت خانەنیش بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت.

(9) چارشێو- کەمبەری: ئەم جۆرە عەبایەکە تایبەت بوو بە ژنە ئاغاو بازرگان و بەگ و شێخ و دەوڵەمەندەکان، ئەم عەبایە لە کەڵتوری عوسمانیەکان بەجێ مابوو، شێوازەکەی زۆر تایبەتە لە قوماشێکی ئاوریشم دروست کرابوو،ڕەنگەکانی سورو سەوزو ڕەش بوو،لەوکاتەدا نرخەکەی زۆر گران بووە، لە هەمان کاتدا دیزاینی وەك عەبای ئاساییە(شەورۆ،٢٠١٧: ١١٤)

(10) چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا گولیزار شەفیق ئاغا (٢٠١٨/١٢/٢٣)، کۆیە. گولیزار کچی شەفیق ئاغا کچی عەبدوڵا ئاغای حەویزیە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیەو دواناوەندیش لە هەولێر تەواو کردووە، سەرەتا وەك مامۆستا لە قوتابخانەی ئولای کچان دامەزراوە، یەکێك بووە لە مامۆستا چالاکەکانی کۆیە بۆماوەی چل ساڵ بەرێوەبەر بووە، ماوەی شەش ساڵ دەبێت خانەنشین بووە، لە کۆیە دادەنیشێت تا ئێستا لە ژیاندایە.

(11) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی یاریەکانی کۆیە بڕوانە(جەلی زادە،٢٠٠٩: ١٣٤-١٣٨).

(12) ئیبن نەباتە: ناوی موحەمەد کوڕی موحەمەد کوری حەسەنی فارقی میسریە، لە ساڵی ١٨٧٠ لە شاری قاهیرە لە دایك بووە، شاعیرو نوسەرو ئەدیب بووە، خاوەنی دیوانێکی شیعری و چەند کتێبێکی ترە، هەروەها کتێبی ئیبن نەباتە بۆ هەر چوار فەسڵی ساڵ وتاری هەینی ئامادەکراوی تێدایە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری قاهیرە کۆچی دوای کرد (مەلای گەورە،٢٠٠٩: ٢٣٣/٩).

(13) حاجی مەلا بەکرا ئاغا کوری موحەمەد ئاغا کوری حەویز ئاغا، نازناوی شیعری(قاصد)بووە، لە ساڵی ١٧٨٦ لە شاری کۆیە لە دایك بووە، هەروەها بازرگان و دەوڵەمەندێکی دەستڕۆیشتوو زانایەکی ئاینی و شاعیرێکی بە توانابوو، زۆربەی شیعرەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی وفارسی نوسیوە، دواجار لە ساڵی ١٨٥٣ کۆچی دوایی دەکات، لە گۆڕستانی باسکی عارەبیان نێژراوە(موحەمەد ،١٩٧٣: ٣٩/١؛ عەلائەدین، ٢٠١٣: ٩-١٠).

(14) کێشەکە بەم شێوەیە بووە، کاتێك کچێکی ئەرمەنی لە سابڵاغ موسڵمان دەبێت، حکومەتی روسیا داوا لە حکومەتی ئێران دەکات کە ئەو کچەی پێ بداتەوە، بەڵام کچە ئەرمەنەکە دەچێتە کونسوڵخانەی عوسمانی لە ئێران، عوسمانیەکانیش پارێزگاری لەو کچە دەکەن و بە هاوڵاتی خۆیانی دەزانن، دواتر رووسەکان قونسوڵخانەکە دەگرن ئێرانیش هاوکاری رووسەکان دەکات لە گرتنی، پاش شەڕەکە، حکومەتی ئێران داوا لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات کە کونسڵخانەی دابخات، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان (مەعروف،٢٠١٣: ١٨؛ باجگر،٢٠١٨: ٩١).

(15) حەمە ئاغا کوڕی مەحمود ئاغایە کوری حەمەد ئاغایە کوری کەریم ئاغایە کوری غەفور ئاغایە،لە ساڵی ١٨٣٨ لە شاری کۆیە لە دایك بووە،پێنج ژنی هێناوە، لە رۆژی ١٩٢٠/٨/٢ کۆچی دوایی کرد،(محمد،١٩٨٦: ٣٣-٦٧).

(16) چاوپێکەوتن لەگەل دەشتی حەمەدەمین لە ٢٠١٩/١/١٠، دەشتی کوڕی حەمەدەمین کوری نەجیم کوری حەمە رەق، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری کۆیە لە دایك بووە، تا پۆلی شەشەمی ئامادەی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٦٧ بووە بە ئەندام لە یەکیەتی قوتابیانی کوردستان، دواترلە ساڵی ١٩٧٢ زیندانی کراوە ، لەساڵی ١٩٧٣ ئازاد کراوە، بەشداری جولانەوەی رزگاریخوازی کوردی کردووە، لە ساڵی ٢٠١٢ لە بواری سەربازی خانەنشین کراوەو ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت.